# ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد:
# ئایدیۆلۆژیا و سەرکوتی ئۆتۆنۆمیی کورد لە ئێران

فاتح سەعیدی
توێژەر لە زانکۆی تێگزاس، ئاستین

”

“

## پێشەکی

لە کۆتاییەکانی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، یەکێک لە کایە باوەکانی ســـەردەمی منداڵیمان ئەوە بوو کـــە دەبووین بە چەند قـــۆڵ و بە تفەنگی دارین یان پلاســـتیکی شـــەڕمان دەکرد. هەندێک جـــار، خڕەبەردەکان دەبوون بە هـــاوەن و خومپـــارە، و داوێنی چیای داپۆشـــراو بە داربەڕووی دەوروبەری گەڕەکەکەمان دەگـــۆڕان بـــۆ ســـەنگەر و حەشـــارگە. قاپۆڕی فیشەکی پێکدادانەکانی پێشـــوو هێشتا لە بناری کێو و بەنـــدەن دەدۆزرانەوە و ڕاســـتییەکی تاڵیان بە کایەکانمان دەبەخشـــی. لەم یارییەدا، زۆربەمان دەمانویســـت «پێشـــمەرگە» بین؛ پێشمەرگە لە کاتی کۆماری کوردســـتان لە مەهاباد و لە ســـاڵی ١٩٤٦دا چووەتە ناو فەرهەنگی سیاســـیی کوردەوە (قاســـملوو ٢٠٠٠، ل. ٥٦) و لـــەو کاتەوە هەر بە بیستنی ناوەکەی هەســـتی خەڵک لە کوردستان دەبزوێ. لای کورد، پێشـــمەرگە تەنیا سەربازێکی ســـادە نییە، بەڵکوو هێمای فیداکاری، ئازایەتی و کەرامەتی یـــەک نەتەوەن.

جا لەبـــەر ئـــەوەی شـــەڕەکە دەبوایە دوو لایەنی هەبـــێ، هەندێک لە منداڵـــەکان دەوری «پاســـدار»یان دەگێـــڕا، کە ئاماژەیـــەک بوو بۆ ئەندامانی سوپای پاســـدارانی شۆڕشی ئیسلامی. ســـوپای پاســـداران کە لـــە لایـــەن ئایەتوڵڵا خومەینییـــەوە (١٩٠٢-١٩٨٩) لە مانگی گوڵانی ١٩٧٩دا دامـــەزرا و بە شـــێوەیەکی فەرمی وەک پارێزەر و پاســـەوانی کۆمـــاری ئیسلامیی ئێران و بەهاکانی وەســـف دەکـــرا (ڤێـــری و ئەوانی تر ٢٠٠٩). لە کایەکەماندا، داوا لە پاســـدارەکان دەکرا بە فارســـی قسە بکەن و فارســـییە سەقەتەکەی هاوڕێکانمـــان زۆرجار دەبووە مایـــەی پێکەنین. لەبـــەر ئەوەی هەموو شـــەڕێک پێویســـتی بە دوژمنێـــک هەبـــوو، ئێمە یاســـای جێگۆڕکەی ڕۆڵەکانمان پەســـەند کردبوو و هـــەر ناوبەناوێک دەستەیەکمان دەبوونە پێشمەرگە و پاسدار. بەڵام تەنانەت لە کایەکەشـــدا، گرووپێکی سێیەم هەبوو کە کەس نەیدەویســـت تیایدا بەشـــدار بێ.

ئەم دەســـتەیە کوردە هاوکارەکانی پاسدارەکان بـــوون کـــە لای ئێمـــە بـــە «جـــاش» یان «پێشمەرگە موسڵمان» ناســـرابوون و لەڕاستیدا ئەندامی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد (ســـازمانی پیشمرگان مســـلمان کورد) بـــوون (حەســـەنیان ٢٠٢٤). لـــە کولتووری جەماوەریی کوردســـتاندا، جـــاش یەکێکە کە بە بیســـتنی ناوەکـــەی شـــەرم دادەگرێ، و ئاماژەیـــە بـــۆ ئـــەو چەکـــدارە کوردانەی کە هـــاوکاری هێـــزی دوژمنـــن و خیانـــەت لە نەتەوە و نیشـــتمانی خۆیان دەکەن. وشـــەکە لە بنەڕەتـــەوە لـــە «جاشـــەکەر»ەوە هاتووە. دەگووتـــرێ لە کاتی شۆڕشـــی ئەیلـــوول لە باشـــووری کوردســـتان، جەیشـــی (سوپای) عەرەبەکان هەندێک کـــوردی خائینی هاوکاری خۆیان دەخســـتە بەر خۆیان تا چاوســـاخیان بێ. پێشـــمەرگەی کوردی ژێر لەســـەر کێشی جەیـــش، نازنـــاوی جاشـــیان بۆ ئـــەم تاقمە ســـاز کرد. ئاخـــر دەگووترێ جاشـــەکەر تەنیا بێچووی دنیـــای ئاژەڵانە کـــە دەکەوێتە پێش دایکـــی خۆی. ئەمەش هێمایەکـــە بۆ ئەوە ئەم خائینانـــە ئەگەرچی کوردن بـــەڵام لە دایکی عەرەبی دوژمـــن بوون.

بەرەبەرە و لە مێـــژووی هاوچەرخدا، زاراوەی جاش لە زۆربەی کوردســـتان بۆ ئـــەو کوردانە بـــەکار هات کە بـــە مەبەســـتی داگیرکردنی کوردســـتان یارمەتی ســـوپای دوژمنیان داوە و دژی پێشـــمەرگە شـــەڕیان کـــردووە. لە ناو کۆمەڵگـــەی کوردەواریدا، ئەگەر بە کەســـێک بوتـــرێ جـــاش، تەنیـــا مانـــای خیانەتـــی سیاســـی بەخۆیەوە ناگرێ، بەڵکـــوو بە واتای سەرشـــۆڕییەکی ئەخلاقیـــی قووڵیش دێت. لە کایەکانی ســـەردەمی منداڵیماندا، هەر کەسێک ناچـــار کرابایە ئـــەو ڕۆڵە بگێڕێ، ســـەری لە شـــەرمەزاریدا شـــۆڕ دەکـــرد و نارەزایەتـــی دەردەبـــڕی، و پێداگری دەکـــرد کە دەیهەوێ لەگەڵ پێشـــمەرگەکان کەوێ نـــەک لەگەڵ

هاوکارە ســـووک و ڕیســـواکانی خـــۆی لەناو ســـوپای پاسدارانداﹰ.

بیرەوەریـــی ئـــەم کایـــە منداڵانەیـــە ڕەنگدانـــەوەی واقیعێکـــی کۆمەڵایەتـــی زۆر فراوانترە. لـــە یادەوەریی بەکۆمەڵـــی کورددا، «جـــاش» وەک بەهێزترین هێمـــای خیانەتی ناوخۆیی ماوەتەوە و قورســـاییەکی هاوشێوەی زاراوەی «کویســـلینگ» (Quisling) لە مێژووی ئەورووپادا هەڵدەگرێت. لـــە کاتێکدا کە دەکرێ جاش بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان بۆ هەر جۆرە هاوکاریـــی ئایدیۆلۆژیک یان سیاســـی بەکار بێـــت، بەڵام لە ســـاڵانی ســـەرەتای کۆماری ئیسلامیدا، بە دیارترین شـــێوە ئـــەم زاراوەیە بەســـتراوەتەوە بە ئەندامە کوردەکانی میلیشیای یاریدەدەری سوپای پاســـداران، واتە ڕێکخراوی پێشمەرگە موســـڵمانی کورد.

ســـەرەرای ڕۆڵی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کـــورد لـــە مێژووی سیاســـیی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا، تا ئێســـتا کەمتر شرۆڤەی چۆنیەتی ســـازبوونی ئەم ڕێکخراوەیە، بنەمـــای ئایدیۆلۆژی، یـــان پەیوەندییەکەی بە ســـوپای پاســـدارانەوە کراوە. ئەم بۆشاییە لەبەر گرنگیـــی دووفاقیی ڕێکخراوەکە جێـــی تێرامانە؛ چونکە لە لایەکـــەوە وەک میکانیزمێکی ناوخۆیی بۆ ســـەرکوتکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێرانی دوای شۆڕشـــدا کاری کردووە، و لە لایەکی تریشەوە بەشـــێک لە پرۆســـەی کۆلۆنیالیستی «لەخۆدا تواندنەوە»ی (Co-optation) ئێرانییەکان بـــوو کـــە تیایـــدا ســـەرلەنوێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی نـــاو کۆمەڵگەی کـــوردی دارێژرانـــەوە. لەخـــۆدا تواندنـــەوە، پرۆســـەیەکی سیاســـی یان ڕێکخراوەییە کە تیایـــدا داگیرکەر دێت و بەشـــێک لە هێزی بەرخۆدانـــی کورد ئاوێتەی خـــۆی دەکات. واتە بە مەبەستی ســـەرکوت و ســـڕینەوە، دان بە هەندێـــک تایبەتمەندی دژبـــەری خۆیدا دەنێ و لەخـــۆی دەگرێ تـــا بتوانێ دووبەرەکی ســـاز بکات. ڕێژیمـــی ئیسلامیی ئێـــران نەیدەگوت کورد نییـــە، بەڵکـــوو دەیگوت کـــوردی چاک و خـــراپ هەیـــە؛ کـــوردی موســـڵمان و کافر هەیـــە. ئەوانەی گوێڕاڵەی ئێمـــەن و داخوازی سیاســـییان نییـــە موســـڵمانەکانن و ئەوانەی داواکارییەکی سیاســـییان ســـەبارەت بە پرسی کورد هەیـــە، کافـــرە لادەرەکان لـــە ئایینی ئیسلامـــن. کەواتە ئێمـــە تەنیـــا ئەوانە لەخۆ دەگرین کە نـــەک تەنیا دان بـــە حکوومەتی ئێمەدا دەنێـــن، بەڵکوو لـــە جێبەجێ کردنی سەروەریی سیاســـیی ڕێژیمی ئێرانی ئیسلامیدا هـــاوکار و هاوڕێمانن.

تاکـــوو ئیســـتا لە نـــاو ئـــەو توێژینەوە بەرفراوانانـــەی لەســـەر مێژووی سیاســـی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی کورد و کوردســـتان ئەنجـــام دراون، ئەم ڕێکخراوە یـــان بە تەواوی پشـــتگوێ خراوە (گانتەر ٢٠٢٠؛ بـــۆزەرسلان و ئەوانـــی تـــر ٢٠٢١) یـــان تەنیا بـــە کورتی ئامـــاژەی پـــێ دراوە (ماکـــداوڵ ٢٠٠١؛ وەلی ٢٠١٦)، و هەندێـــک جـــار لەگـــەڵ زانیاریی نادرووســـت، هەڵســـەنگاندن و شـــیکاریی ســـنوورداردا تێکەڵ بووە. هـــەر بۆیە هەندێک جـــار کەموکوریی لەو وتارانـــەدا دەبیندرێ کە باســـیان لەم ڕێکخراوە کردووە؛ هۆیەکەشـــی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە کە وتـــارەکان زۆرجار پشتیان بە گریمانەی نادروســـت و بنەمایەکی نائەزموونی بەســـتووە. توێژەرانی وەک مارتن ڤان برۆینســـێن (١٩٨٦،ل. ٢٣) و دەیڤید مەکداوڵ (٢٠٠١، ل. ٢٧٦) بـــاس لـــەوە دەکـــەن کە پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد بە پلەی یەکەم لە کوردە شـــیعەکانی کرماشـــان پێکهاتبوون. لە ڕاســـتیدا، ئەگەرچی ســـەرەتا ڕێکخراوەکە لە کرماشـــان دروســـت بوو، بەڵام ئەندامەکانی کوردی ســـوننە بوون و هیچیان خەڵکی شاری کرماشـــان نەبوون. ئەم وێناکردنـــە هەڵەیە لە بەرهەمەکانی دواتریشـــدا دووبـــات بووەتەوە،

لەوانە لە کارەکانی حەسەنیان و ستانسفیلد (٢٠٢٢، ل. ١٦)، و تێزکور و ئەسەدزادە (٢٠١٩، ل. ٦٥٩)، کە بەمەش زانیارییە پشتراستنەکراوەکە بۆ سەرچاوەکانی دواتر گوازراوەتەوە.

بە هەمان شێوە، عیزەتیار مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی «جاش» بۆ سەردەمی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێنێتەوە و تەنیا بە ئەندامانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کوردەوە دەیبەستێتەوە (عیزەتیار ٢٠١٦، ل. ١٥٧) و لە هەمان کاتیشدا ئەگەرچی توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر ئەحمەد موفتیزادە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باس لە دەنگۆ و پەیوەندییەکانی ئەو کەسایەتییە گرنگە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە ناکات. من دواتر ئەم باسە زیاتر شی دەکەمەوە، بەڵام مێژووی جاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٢دا، ڕۆژنامەی «کوردستان»، زمانحاڵی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، بڵاوی کردووەتەوە کە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، ئەویش لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و پێدانی مووچەی مانگانەی ٢٤٠ تمەن، بەشێک لە زەحمەتکێشانی کوردستان و هەندێک کەسایەتیی دەرەبەگی نانیشتمانیی پڕچەک کردووە (حدکا ١٩٧٢، ٤). ڕۆژنامەکە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە میکانیزمی دانەبەرخۆی کردووە و ناوی «جاشگرتن»ی لێناوە، و ئەمەش نیشان دەدات جاشایەتی و ئەو کارەی پێی دەناسرا، پێش کۆماری ئیسلامی هەبووە.

کەموکورییەکی تر لە شیکارییەکەی عەباس وەلیدا دەردەکەوێ کە تەنیا سەرنجی خستووەتە سەر ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی کە لە مەهاباد و پیرانشار (وەکوو عەشیرەتی مەنگوڕ) بەشێکیان ببوون بە پێشمەرگە موسڵمان (وەلی ٢٠١٦، ل. ٢٩٧-٩٩). ئەگەرچی پێکهاتەی خێڵەکی لەو ناوچانە کاریگەریی لەسەر ئەم دیاردەیە هەبووە، بەڵام ئەم ڕوانگەیە ناتوانێ شێوازی سازبوون، پەرەسەندن و بەردەوامیی ڕێکخراوەکە شی بکاتەوە. چونکە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێشمەرگە موسڵمانی کورد بەبێ پێکهاتەیەکی خێڵەکی گەشەی کردووە؛ و لە جیاتی پەیوەندیی عەشیرەیی، پشتیان بە ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژی بەستووە کە دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە پەرەسەندنی خێرایدا هەبووە. لە درێژەدا باس لەوە دەکەم کە ئەندامەکان سەرەتا لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژییەوە ڕادەکێشران و دواتر بەرەبەرە لە ناو چینە هەژارەکانی کۆمەڵگەدا پەرەیان دەسەند. ئەم جەختکردنە لەسەر چوارچێوەیەکی خێڵەکی، لە شیکارییەکانی سینکایا (٢٠١٨، ل. ٨٤٩)، شەریفی (٢٠٢١، ل. ٤١٧)، و حەسەنیان (٢٠٢٤، ل. ٣٠٦)یشدا دەردەکەوێت و ئەمەش زیاتر وێنەیەکی ناتەواو لەسەر ڕێکخراوەکە جێگر دەکات.

لەڕێگەی ئاوڕدانەوە لەم کەلێنە مێژووییانە و شیکردنەوە ناڕوونانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدا تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لەمەڕ ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، وەک میلیشیایەکی ئایدیۆلۆژیک لە ناو ستراتیژیی دژە-شۆڕشی ڕێژیمدا بەدەستەوە بدات و، وەک هێزێک پێناسەی بکات کە دەوری لە پارچەپارچەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە. هەر بۆیە، ئەم وتارە لە ڕێگەی پشکنین بۆ ئایدیۆلۆژیا، پێکهاتەی میلیشیایی، و ڕۆڵی سیاسیی ڕێکخراوەکە گرنگیی ئەوان لە سەرکوتکردنی داخوازیی بزووتنەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی لە ئێرانی دوای شۆڕشدا نیشان دەدات.

ئەم توێژینەوەیە دەیهەوێ لە ڕوانگەیەکی شیکاری و دژەکۆلۆنیالیستییەوە سەیری ئەم بابەتە بکات و گرنگیی بە بنەمای ئایدیۆلۆژی، میکانیزمەکانی لەخۆدا تواندنەوە، و هاوکاریی نێوان ئەم میلیشیایە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەدات. ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، کە بە فەرمی لە پاییزی ١٩٧٩و بە پشتیوانیی فەرماندەی سوپای پاسداران محەممەد بروجێردی (١٩٥٥-١٩٨٣) و ڕەزامەندیی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرا، لە گوتاری دەوڵەتدا وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی جەماوەری لە کوردە ئیماندارەکان وێنا دەکرا کە بەرگریی لە شۆڕش دەکەن و دژی ئەو لایەنانە دەوەستنەوە کە وەک دژە-شۆڕش پێناسە دەکران. گێڕانەوە فەرمییەکان ڕێکخراوەکەیان وەک هێزێکی خۆبەخش وێنا دەکرد کە پاڵنەرەکەی باوەڕی ئایینی، دڵسۆزی بۆ خومەینی، و فیداکاریی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو (ئیسلامیک ڕیپابلیک ١٩٨٠). بەڵام لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە، ئەم ڕێکخراوە بەشێک بوو لە توندوتیژییەکی کۆلۆنیال و تیایدا ئەوان وەک میلیشیایەکی کوردی بۆ شەڕکردن دژ بە کوردانی ئازادیخواز تەیار کرابوون تا خواستی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ وەدیهاتنی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی، لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا سەرکوت بکرێت.

گرنگیی لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد تەنیا باسکردن لە چالاکییەکی سەربازی نییە، بەڵکوو لە شیکاریی ڕەخنەگرانەی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە کە ڕەوایی بە هەبوونەکەی داوە. ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە گەلاوێژی ١٩٧٩ کە بە ڕاشکاوی پێشمەرگەی وەک «کافر» و «مونافیق» پۆلین کرد، بنەمایەکی تیۆلۆژیک بۆ جووڵاندنی پێشمەرگە موسڵمانی کورد دژی هاونیشتمانییەکانی خۆیان بەدی دەهێنا (خومەینی ٢٠١٤، ٩:٢٨٣). بەیاننامەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە هەمان پۆلینکارییانەیان دووپات دەکردەوە؛ بە بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان، ئەرکەکەیان وەک تێکۆشانێکی پیرۆز و خودایی بۆ «پاکتاوکردن»ی کوردستان لە پۆخڵەیی وێنا دەکرد. لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، ڕێکخراوەکە بوو بە ئامرازێک بۆ پرۆژە فراوانترەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ «ئیسلامیکردن» و «ئەمنییەتیکردنی» کوردستان، کە تیایدا شەرعییەت لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەسەندرایەوە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی کوردی تووشی دووبەرەکی دەکرد.

پێگەی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا بە هەمان ئەندازە گرنگە. لە کاتێکدا گوتاری دەوڵەت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی وەک شەهید و پاڵەوانی ئیسلام پیرۆز دەکرد، کۆمەڵگەی کوردی وەک «جاش» و زۆر بە خراپە ناویان دەبردن و وەک کەسانی خیانەتکار، بە سووک و چرووکی سەیری دەکردن. ئەم دوو وێنا دژوازە، لە تاران وەک پاڵەوان و لە کوردستان وەک خوێڕی و سەرشۆڕ، تیشک دەخاتە سەر مانای جیاواز بۆ دڵسۆزیی، هاوکاریی و بەرگریی لە ئێران و کوردستان. کەواتە، شوێندانەریی ئەم ڕێکخراوە مەیدانی شەڕی تێدەپەڕاند و دەگەیشتە ناو پێکهاتە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

ئەم وتارە، بە هەڵسەنگاندنی بەستێنی دەرکەوتنی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە ناو چوارچێوەیەکی فراوانتری گرژییەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا دەست پێ دەکات و ڕوانگەی کوردەکان سەبارەت بە قۆناغی شۆڕش دەخاتە بەر باس. پاشان لە ڕێگەی شیکردنەوەی فەتوای ئایەتوڵڵا خومەینی دژی کورد، بنەما

ئایینی و سیاسییەکانی توندوتیژیی دەوڵەت دەپشکنێت، و شوێنپێی سازبوونی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسوڵمانی کورد هەڵدەگرێت. بەشەکانی دواتر شیکاریی بۆ بنەمای ئایدیۆلۆژی و پروپاگەندەی ڕێکخراوەکە دەکەن و دوای ئەمەش پێکهاتەی میلیشیایی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لە کوردستان تاوتوێ دەکرێت. وتارەکە بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە لە سەرکوتکردنی داخوازیی بۆ ئۆتۆنۆمیی لە کوردستان و ئەو لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەردەوامانەی کە ئەم پرۆسەیە هەیبووە، کۆتایی دێت.

## گرژیی نەتەوەیی و شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران: ڕوانگەی کورد و فەتوای خومەینی

شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران نەخشەی سیاسیی ئێرانی سەرلەنوێ دارشتەوە. ڕووخانی پاشایەتیی پەهلەوی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێکەوتەی قووڵی بۆ گرووپە جیاوازە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو وڵاتەکە هەبوو. کوردەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕاپەڕین و شۆڕشی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا گێڕا. لە کوردستان بە گەرمی پێشوازی لە ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی کرا؛ چونکە ئەمە وەک هەلێک دەبینرا بۆ ئەوەی بەرەورووی ئەو دەسەڵاتە ببنەوە کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە سەرکوت و پشتگوێخستنی داخوازییەکانی کورددا هەبوو. بێزاریی کورد لە بنەماڵەی شا، لە دوای سەرکوتی ڕاپەڕینی سمکۆ، کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی چەکداریی ١٣٤٦-٤٧ و هەروەها بەهۆی پشتتێکردنی محەممەدڕەزا شا لە کوردانی باشوور (دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥) زیاتر ببوو. ئەم هۆکارانە ئاگری ویستی گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی سیاسیی ئێران لە کوردستان خۆش دەکرد. کاتێک لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨شۆڕش تاوی سەند، حیزبەکانی کوردستان چەکی ناو سەربازگەکانیان کۆکردەوە و دەسەڵاتیان بەسەر بەشێک لە ڕۆژهەڵاتدا چەسپاند (ماکداوڵ ٢٠٠١، ل. ٢٦٧). خەباتکارانی کورد ئەگەرچی لە سەرەتادا پێشوازییان لە گۆڕینی ڕژێم لە تاران دەکرد، بەڵام ئامانجی سەرەکییان پشتیوانیکردن لە کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو دەیانویست خۆبەڕێوەبەرییەکی کوردی و دیموکراسییەکی سێکۆلار دەستەبەر بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ئەم ویستەی لە دروشمی «دیموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» پوخت کردبووەوە (شەمس ٢٠٢٢؛ ئەحمەدی ٢٠١٨).

ئەم داواکارییە، کەمتازۆر، لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی تریشەوە وەکوو کۆمەڵە (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) و خەبات (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) پشتیوانی لێ دەکرا، و دەکرێ بوترێ لایەنە جۆراوجۆرەکان داخوازییەکی هاوشێوەیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا هەبوو (حەسەنیان ٢٠٢١؛ کەعبی ٢٠٢٠). بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم داواکارییانەی ڕەت کردەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بزووتنەوەی سیاسیی کوردی وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی پێناسە دەکرد. لەم بارودۆخەدا، دامەزراندنی سوپای پاسداران پێشهاتەیەکی دامەزراوەیی گرنگ بوو، چونکە میکانیزمێکی نوێی سەرکوتکاری بۆ ڕژێمەکە دەستەبەر دەکرد و خێرا ڕۆڵێکی سەرەکی و بەردوامی لە کپ کردنی ویستی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا.

ڕژێمی نوێ کە دەیهەویست دەسەڵاتی شیعی – ئێرانی بە سەر کوردستاندا بچەسپێنێ، داواکارییەکانی کوردی بۆ ئۆتۆنۆمی وەک ئالنگارییەک بۆ سەر ڕێسا و نەزمی دوای شۆڕش وێنا دەکرد. تەنیا چەند مانگێک دوای گەڕانەوەی خومەینی، پێکدادانی

چەکداری لە نێوان هێزەکانی کورد و سوپای پاسدارانی تازەدامەزراو ڕوویدا (ماکداوڵ ۲۰۰۱، ل. ۲۷۶-۷۷). ئەگەرچی حیزبەکانی کوردستان لە سەرەتادا ڕێگەی دانووستانیان گرتەبەر و پێشنیازیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا پێشکەش کرد، بەڵام ئەم داواکارییانە ڕەتکرانەوە و تەنیا هەندێک ئیمتیازی کارگێڕیی سنووردار پێشنیاز کران. دواتر زانرا کە مەبەستی ڕێژیم لە دانووستان تەنیا بۆ کڕینەوەی کات و تەیار کردنی هێزەکانی بۆ هێرشی سەر لە نوێ بۆ سەر کوردستان بووە. لە کۆتاییدا، خواستەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کە لەسەر بنەمای سێکۆلاریزم و دیموکراسی داڕێژرابوون، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ چوارچێوە تیۆکراسییەدا (حکومەتی ئایینی)، کە ڕێژیم لە تاران بانگەشەی بۆ دەکرد، نەدەگونجان.

ئەم گرژییانە لە ڕێگەی چوارچێوەی دەستووریی کۆماری ئیسلامییەوە بەدامەزراوەیی کران. ئەو دەستوورەی کە لە دێسامبری ۱۹۷۹دا پەسەند کرا و پێکهاتەیەکی ئایینی چەسپاند کە بەشداریی سیاسیی کوردی پەراوێز دەخست. لە ژێر سایەی ئەم پاشخانە دامەزراوەییەدا بوو کە کاراکتەرە سیاسییەکانی کورد گەیشتنە ئەو بڕوایە کە دەستووری نوێ کە لەسەر بنەمای حکومەتێکی چەقگەرای ئایینی داڕێژراوە، ڕێگەی بەدیهاتنی ئۆتۆنۆمی داخستووە. هەر بۆیە لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبەکان بە شێوەیەکی نەریتی هەژموونی سیاسییان هەبوو (ناوچە سوننەکانی ڕۆژهەڵات) ڕیفراندۆمی دەستووری نوێی ئیسلامی کە لە ۲-۳ی دێسامبری ۱۹۷۹ بەڕێوە چوو، لە لایەن خەڵکەوە بەتەواوی بایکۆت کرا؛ بە جۆرێک کە نزیکەی سەدا نەوەدی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بەشدارییان تێدا نەکرد (شالیان ۱۹۸۰، ل. ۲۲۹-۳۰). لە بەرانبەردا، خومەینی سەرکۆنەی ئەو کەسانەی کرد کە بایکۆتیان کردبوو یان دەنگیان دژی دەستوور دابوو، و بەوە تۆمەتباری کردن کە هاوکاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن و بێڕێزییان بە شەهیدانی شۆڕشی ئیسلامی کردووە و وەک دەستوپەیوەندی شەیتان و ئیمپریالیزم ناوی بردن (ئەبرەهامیان ۲۰۰۸، ل. ۱۶۸-۶۹).

لەم قۆناغەدا، هێزی پێشمەرگەی حدکا و کۆمەڵە کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکیان لە ڕۆژهەڵات بە دەستەوە بوو کە دەکرێ بە هێڵی مەهاباد تا سنە و پاوە پێناسەی بۆ بکەین و بۆ ماوەیەکی کاتی هێزەکانی ڕێژیمیان لەو ناوچانە وەدەرنا. لە ئاگۆستی ۱۹۷۹ شەڕی پاوە دەستی پێکرد و ئەمەش وای کرد خومەینی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و سوپا ساز بکات. لە ۱۷ی ئاگۆستی ۱۹۷۹، خومەینی وتارێکی گشتی پێشکەش کرد و تێیدا ئایەتێکی لە سوورەتی «الفتح» هێنایەوە کە باس لە هەڵوێستی توندی پێغەمبەری ئیسلام بەرانبەر بە کافرەکان دەکات؛ ئەو داوای کرد هەمان هەڵوێستی لاسارانە بەرانبەر بەوانە بگیرێتە بەر کە لە کوردستاندا بە دوژمن ناوی دەبردن. ئەم فەتوای جیهادە هەر کەسێکی دەگرتەوە کە لە کوردستان داواکارییەکی سیاسی هەبوایە:

«"توندن بەرانبەر بە کافرەکان و لە نێوان خۆیاندا بەبەزەیین." [قورئان ۴۸:۲۹]

ئەم پیلانگێڕانە لە ڕیزی کافرەکانن. ئەم پیلانگێڕانەی ناو کوردستان و شوێنەکانی تریش لە ڕیزی کافرەکانن. دەبێ بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. پێویستە حکومەت بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ بکات. پێویستە سوپا بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ بکات. ئەگەر ئەوان وا نەکەن، ئێمە بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین» (خومەینی ۲۰۱۴،

(۸۳-۹:۲۸۲).

فەتوای خومەینی وەک ڕاگەیاندنێکی سیمبولیک نەمایەوە، بەڵکوو مۆڵەتی شەرعی و یاسایی بۆ ئۆپەراسیۆنی دەستبەجێی سوپای پاسداران ساز کرد (بڕوانە وێنەی ۱). زۆر کەس لە ئێران وەک فەرمانێکی ئایینیی و مەرجەع مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و ئەمەش بووە هۆی شەپۆلێکی خێرای تەیارکردنی خەڵکی ئاسایی کە ببنە سوپایی و خۆبەخشانە لە سەرتاسەری ئێرانەوە بۆ شەڕی دژ بە کافران ڕەوانەی کوردستان بکرێن (بڕوانە وێنەی ۲). هاوکات لەگەڵ ئەوەی پاسدارەکان ڕەوانەی کوردستان دەکران، خەڵکی ئاسایی ئەو شارانەی ئێران وەک ئیسفەهان، نەجەف ئاباد و قوم کە بەپڕانی یەکەکانی سپای کوردستانیان ساز دەکرد بە گیان و بە ماڵ یارمەتی سوپایان دەدا (بڕوانە وێنەی ۹). لە ئەنجامی ئەمەدا، ئەگەرچی پاسدارە خۆبەخشەکان کە کەمترین ڕاهێنانیان پێکرابوو، و تەنانەت پێش لە تەواوکردنی خولەکانی مەشق، پەلەیان بوو بگەنە کوردستان. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی فەرماندەکانی سوپا ناچار بن خێرا ڕێکیان بخەن، چونکە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی گرنگتر بوو لە ڕاهێنان (عالەمزادە ۲۰۲۳، ل. ۶۰۰-۶۰۳).

فەتوایەکەی خومەینی بەخێرایی لە لایەن مەرجەعە ئایینییەکانی دیکەی شیعەوە پشتیوانی لێ کرا (سەعیدی و عوسمانزادە ۲۰۲۵ب، ل. ۴۰۳-۴). ئەوان هەموویان کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی حیزبەکانی کوردستان لە دینی ئیسلام هەڵگەڕاون و هەر ئەمە ڕەوایی دەداتە هەر جۆرە توندوتیژییەکی بێبەزەییانە. لەم بەستێنەدا، پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستان، چیتر وەک کاراکتەری سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرا، بەڵکوو وەک دوژمنانی ئیسلام سەرلەنوێ پێناسە دەکرانەوە؛ بەمەش ململانێیەکی سیاسی لەسەر ئۆتۆنۆمی گۆڕدرا بۆ هەڵمەتێکی سەرکوتکاریی پیرۆزکراو بە دەقی ئایینی. سوپای پاسداران هێرش بۆ کوردستانی وەک «چارەسەری کۆتایی» بۆ پرسی کورد لێکدەدایەوە (خومەینی ۲۰۰۴)؛ ئەم گۆڕانکارییە لە سنووری ئەوەی کورد تەنیا دژەشۆڕش بێ تێدەپەڕی و دەچووە ناو کایەی نەکرۆپۆلەتیکی ئایینی (سیاسەتی مەرگی ئایینی)، کە تیایدا ڕێژیم لە ڕێگەی لۆژیکی مەرگەوە دیاری دەکرد کێ و لە کوێی کوردستان مافی ژیانی هەیە. هەروەها ڕێگەی بۆ سەرکوتکاریی بەرفراوان، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، و کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش کرد (سەعیدی و عوسمانزادە ۲۰۲۵).

## لەخۆدا تواندنەوەی ئایدیۆلۆژی و توندوتیژی

لەگەڵ چڕبوونەوەی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێژیمی ئیسلامی بەرەورووی تەنگژەیەکی ستراتیژی بووەوە کە تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژی و زۆرەملێی دەرەکییەوە چارەسەر نەدەکرا. ئەو پاسدارانەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێردرابوون، زیاتر لە ناوەڕاستی ئێرانەوە و بەتایبەتی لە شارەکانی وەک ئیسفەهان و قومەوە ڕێکخرابوون (جەعفەری ۲۰۲۲؛ عالەمزادە ۲۰۲۳، ل. ۶۰۶)؛ ئەم هێزانە نە شارەزای جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و نە لە لایەن خەڵکی کوردەوە بە هیچ شێوەیەک قەبوڵ دەکران. پاسدارەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک هێزێکی داگیرکەر دەبینران، نەک وەک دەسەڵاتێکی ڕەوا. سەرەڕای ناردنی هێزێکی نامۆ بە کوردستان، ڕێژیم ڕووبەڕووی بەرگری هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە حدکا و کۆمەڵە بووەوە (سینکایا ۲۰۱۶، ل. ۹۶)؛ پێشمەرگەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵیان لە کوردستاندا هەبوو و بەشێوەیەکی

بەرفـــراوان لە لایـــەن خەڵکی کوردســـتانەوە باوەشـــیان بۆ کرابـــۆوە و هـــەر وەک دەگووترا تەنانـــەت شـــەهیدەکانیان لە دڵـــی میللەتدا دەژیان.

ئـــەم ناهاوســـەنگییەی نێوان خواســـتە ســـەرکوتکارییەکانی ڕێژیم و توانای سنوورداری ئەوان لە ســـەر زەویدا، ســـوپای بـــەرەو ئەو پیلانـــە برد کـــە کەڵک لە هێـــزی خۆجێیی کـــورد بـــۆ بەرەوپێشخســـتنی بەرنامەکانیان وەرگرێت. کێشـــەی ســـەرەکی ئەوان نەبوونی زانیاریی مەیدانی لە کوردســـتان و جوگرافیای شـــاخاوی ناوچەکە بوو کـــە کاریگەریی هێزی خۆیانی بەرتەســـک دەکردەوە (ڕپمک ١٩٨٠). لەگـــەڵ ئەوەیدا زۆرینەی خەڵکی موســـڵمانی کوردســـتان بە کردەوە پەیڕەوی ئیسلام بوون، بەڵام تەنیا بـــۆ کەمینەیەکی بچـــووک وادە و بەڵێنی ڕێژیم بۆ پەرەپێـــدان بە کۆمەڵگەیەکی یەکســـان بەپێـــی دادپەروەریـــی ئیسلامی ســـەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاو. بەڵام ئەم تاقمە بچووکە کاتێک باســـیان لە پێشـــمەرگەکان دەکرد وەکوو کافر یان مارکسیســـت باســـیان دەکردن. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران لەو ســـەردەمەدا ئەم کەلێنەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی هێزێک لەم موســـڵمانە کوردانە ســـاز بکەن کە دژ بە بیری کوردایەتی بـــوون و بەتایبەت هەتا سەر ئێســـقان دژ بە مارکســـیزم و سۆسیالیزم بوون (ئـــەو دوو بیرۆکەیەی کـــە حیزبەکانی کوردستان سەرەڕای ویســـتی کوردانەوە خۆیان پێوە گـــرێ دەدایەوە).

حەســـەن ڕەســـتگارپەنا (یەکێـــک لە فەرماندەکانـــی ســـوپای پاســـداران کـــە بۆ مـــاوەی دوو دەیە لـــە بەرزترین ئاســـتەکاندا لە کوردســـتان بەرپـــرس بـــوو)، پێیوایە کە سوپای پاســـداران لەو ســـەردەمەدا پێویستی بـــە هەواڵگریی نێوخۆیی، کەســـانی شـــارەزا بە جوگرافیـــای ناوچەکە هەبـــوو و هەر بۆیە تەنیا نەیاندەتوانی پشـــت بە هێزی ســـوپایی خـــۆی ببەســـتێ (ڕەســـتگارپەنا ٢٠١٩، ل. ١٨٧-٨٨). ئـــەوەی ئـــەم ناکارامەیییەی تۆختر کردبوو پێکهاتەی ســـوپای پاســـداران بۆخۆی بـــوو. زۆربەی ئەو کەســـانەی لە ســـەرەتادا وەک خۆبەخـــش هاتبوونە ناو ســـوپاوە، ئەو گەنجانـــە بوون کە ســـەرەڕای ئـــەوەی هیچ کات کوردســـتانیان نەدیتبـــوو، ئەزموونێکی سەربازیی ئەوتۆشـــیان نەبوو. ئەگەرچی دەبێ ئـــەوەش بگووتـــرێ دوای ئـــەوەی چەندین ســـاڵ لە کوردســـتان ئەزموونیان وەســـەر یـــەک نا و، لـــە ســـایە ســـەری ئەزموونی ســـەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە دواتر پلـــە باڵاکانـــی فەرماندەیی ســـوپای پاســـدارانیان بەدەســـت هێنا (فۆروزان ٢٠١٦، ل. ٥٨-٥٩). پاڵنەری ســـەرەکی پاســـدارەکان بەرگریکردن لـــە بەهاکانی ئیـــسلام بوو و لە لایەن خومەینییەوە ڕاســـتەخۆ پشـــتگیرییان لێ دەکرا. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران دەیانزانـــی کە فەتـــوای خومەینـــی دەتوانێ شـــەرعییەتی ئایینی بۆ پاســـدارە گەنجەکان ســـاز بکات، بـــەڵام بـــڕوای ئایدیۆلۆژیک بە تەنیا نەیدەتوانی بەســـەر واقیعە مەیدانییەکانی شـــەڕی گەریلاییـــدا زاڵ بێت.

لـــەم بارودۆخەدا بوو کە شـــێوازی زاڵبوون لە ڕێگەی توندوتیژیی ئاســـۆییەوە ســـەرلەنوێ دارێژرایـــەوە. لە جیاتی ئـــەوەی دەوڵەت تەنیا لە ڕێگـــەی زۆرەملێی دەرەکییـــەوە ڕووبەڕووی بەرگری ببێتەوە، ئاراســـتەی توندوتیژییەکەی بەرەو ناوەوە وەرســـووڕاند. ئەوان بیریان کردەوە ئەگەر بتوانـــن لە نێوان کـــوردەکان هاوکار بۆ خۆیـــان پەیدا بکـــەن دەتوانن لەم شـــەڕەدا ســـەرکەوتوو بن. کێشـــەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردســـتان ویســـتێکی بەرزی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەبوو و تەنانەت ســـوپای پاســـداران بە پارە نەیدەواتنـــی ئەندامێکی ئەوتۆ لە دەوری خۆی کۆ بکاتـــەوە. بۆیە بیریان لـــەوە کردەوە ڕەنگە لە ڕێگەی مەشـــروعیەتی ئایینی ئیسلام

لە کوردستان بتوانن کەسانێک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە ڕێگەی ئەم ستراتیژییەوە، فەرماندەکانی سوپای پاسداران دەیانهەویست چیتر سەرکوتکاری وەک دەستێوەردانێکی دەرەکی نەبینرێ، بەڵکوو وەک ململانێیەکی نێوخۆیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وێنا بکرێت.

بەبێ بەشداریی هێزێکی کوردی، سوپای پاسداران نەیدەتوانی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات شکست بدا. ئەوان توانییان بۆ یەکەم جار هاوکێشەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساز بکەن: بەشێک لە هێزی مرۆیی کورد بە ناوی ئیسلامەوە بۆ دژایەتی پێشمەرگە ڕێک بخەن و وەک فۆرمێکی نوێ لە شەڕی برا دژ بە برا ئاگری دووبەرەکی بۆ خۆش بکەن. ئەم کارە، تێچووی سیاسیی توندوتیژیی دەوڵەتی کەم دەکردەوە و لە هەمان کاتدا بەرەی بەرگریی لە کوردستانی لەت دەکرد و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی تێکدەشکاند.

لەو سۆنگەیەوە، ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد تەنیا وەک هێزێکی یاریدەدەری تاکتیکی بۆ سوپای پاسداران کاری نەدەکرد، بەڵکوو ئامرازێک بۆ سازکردنی دەسەڵاتی ئێرانی و زاڵبوون بوو. واتە ئەگەرچی هاریکاری سوپای پاسداران لەگەڵ هێزێکی کوردی، سوودێکی تاکتیکیی خێرای بەوان دەدا؛ وەکوو هێزی مرۆیی بۆ شەڕکردن، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، ڕێدۆزی لە ناوچە هەڵەمووت و سەختەکاندا، و ناسینەوەی نەیارە سیاسییەکان (فۆروزان ۲۰۱۶، ل. ۱۰۹)، بەڵام بەرنامەی لەخۆدا تواندنەوە و کەڵکاژۆگرتنی ئەوان لە بەرژەوەندییەکی سەربازیی گەلێک زیاتر و دوورمەوداتر بوو. هەر بۆیە پیلانی سازکردنی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، کۆمەڵێک ئامانجی ئایدیۆلۆژیکی درێژخایەنی دەپێکا کە مەبەستیان سەرلەنوێ دارشتنەوەی کەسایەتیی سیاسیی کورد و لێسەندنەوەی ئەو ڕەواییە بوو کە پێشمەرگە بۆ بەرگریی لە کوردستان هەیبوو.

یەکەم، دەستبەسەرداگرتن و شێواندنی چەمکی پێشمەرگە ئامانجی سەرەکیی ئەم ستراتیژییە نوێیە بوو. ئەم چەمکە کە لە ناو ناسنامەی بەکۆمەڵی کورددا مێژوویەکی لێوڕێژ لە شانازی هەیە و بە ئازایەتی و گیانبەختکردنەوە بەستراوەتەوە، لە ڕێگەی هاوکاریکردنی داگیرکەرەوە، واتایەکی نوێی پێ بەخشرا. سوپای پاسداران بە گۆڕینی پێشمەرگە بۆ ناوێک کە پەیوەست بێ بە ناپاکی و ژێردەستەیی، هەوڵیدا سەرمایەی هێمایی بەرگریی چەکدارانەی کورد کەم بکاتەوە و لەناوی ببات. تەنانەت بۆ جلوبەرگ ئەندامانی ڕێکخراوەکە جلوبەرگی کوردییان لەبەر دەکرد و بەتایبەت لە سەرەتاکانەوە پێیان دەوترا کە جامانەی سوور ببەستن. چونکە لەو سەردەمەدا شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە ناو دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک خۆشەویست و جێی شانازی بوو.

دووەم، زیادکردنی ئاوەڵناوی موسڵمان بارێکی ئایدیۆلۆژیکی زۆر بەهێزی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ئەمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دووفاقییەکی ئەخلاقیی دروست دەکرد کە تیایدا ئەو پێشمەرگە کوردانەی سەر بە حیزبەکانی کوردستان بوون، وەک دژە دین و کافر وێنا دەکران، لە کاتێکدا جاشەکان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام نیشان دەدران. ئەم جێگۆڕکە گوتارییە بەردەوام لە ڕێگەی فەتواکانی خومەینی، بڵاوکراوەکانی سوپای پاسداران، وتارەکان و گێڕانەوەی میدیاییەوە تۆخ دەکرایەوە. تەنانەت هەندێک لە جاشەکانی وەک ڕەحیم ئەحمەدی و داریوش چاپاری کە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە بوون پێیانوابوو

ئەوان پێشمەرگەی راستەقینەن و ئەوان دەبێ کافرەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن.

سێیەم، ڕەهەندێکی تری ئەم ستراتیژییە کە کەمتر دیار بوو، پەیوەندی بە پەرەپێدان بە توندوتیژی لە ناو خودی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوو. لە ڕوانگەی داڕێژەرانی پیلانی سوپای پاسدارانەوە، بەکارهێنانی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە شەڕی دژی هێزی پێشمەرگە، ئەو دەستکەوتەی مسۆگەر دەکرد کە لە هەر لایەک ئەگەر بکوژرێ هەر کورد لەناو دەچێ و ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە. واتە کوردی چاک هەر کوردی هاوکار نییە، لە ڕاستیدا کوردی چاک کوردی مردووە! ئەم لایەنە بۆیە گرنگە چونکە نە تەنیا توندوتیژیی سوپای پاسدارانی دەشاردەوە و پاسداری ئێرانیش کەمتر دەکوژرا، بەڵکوو کۆمەڵگەی کوردستانی پارچە پارچە دەکرد و هەوڵ دەدرا ململانێی نێوان دەوڵەت و کوردستان بۆ شەڕێکی نێوخۆیی ناو ماڵی کوردی سەیر بکرێت. ئەو شەڕەی کە تیایدا هەم کورد دەکوژرا و هەم هێندە جێگۆڕکە بە هێماکانی پێشمەرگە و شەهید دەکران و پێچەوانە بەکار دەهاتن، بەشکم سەرلێشێواوی بۆ دەزگای تێگەیشتنی خەڵکی کورد ساز بکەن و لانیکەم بەها نیشتمانیەکانیان لەلایان بێمانا بکەن. واتە ئەگەر هەمیشە لە باشووری کوردستان جاش جاش بوو و لە لای خەڵک وەک خوێڕی و بەکرێگیراو سەیر دەکران، سوپای پاسداران هەوڵی دەدا جاش چیتر جاش نەبێ، بەڵکوو جاش پێشمەرگە بێ. هەوڵێک کە ڕەنگە لە سەرەتا ساویلکانە بهاتبایە بەر چاو، بەڵام بە تێپەڕینیساڵەکان دەیتوانی لانیکەم لە لای کەمینەیەکی بچووکیش بێ مانایەکی جیاواز ساز بکات.

ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٣، بەر لەوەی وردە وردە لە گەڵ سوپای پاسداران تێکەڵ بکرێت، چەند هەزار کەس بوو. ئەگەرچی ئامارێکی گشتگیرمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئامارە فەرمییەکانی سوپای پاسداران ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا لە پارێزگای کوردستان، ٩٩٨ پێشمەرگە موسڵمانی کوردی لە پێکدادان لەگەڵ حیزبەکاندا کوژراون (کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ٣٧١-٤٤٣)؛ ئەم ژمارەیە بە دڵنیاییەوە کەمترە لە کۆی گشتیی کوژراوەکان، بەتایبەت ئەگەر چالاکییە بەردەوامەکانی ڕێکخراوەکە لە پارێزگاکانی کرماشان و ورمێ (بە تایبەت ناوچەی موکریان) لەبەرچاو بگرین. پێش تێکەڵبوونی ڕێکخراوەکە لەگەڵ سوپای پاسداران لە ساڵی ١٩٨٣، ٤٧ ئۆپەراسیۆنی سەربەخۆیان ئەنجامداوە (ئێزەدی و ئەوانی تر ٢٠٠٨ب، ل. ٥٧-٥٩)، بەڵام ژمارەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان لەگەڵ سوپای پاسداران زۆر لەوە زیاتر بووە، بۆ وێنە: ١٦٠ ئۆپەراسیۆن لە سنە، ٥٥ لە مەریوان، و ٦٦ ئۆپەراسیۆن لە بانە (ڕەستگارپەنا و ئیسفەهانی ٢٠١٣).

لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، هێزەکانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە چوارچێوەی گوردانە هێرشبەرەکانی وەک «جوندوڵڵا» و «ڕەسوڵوڵڵا»دا ڕێکدەخران و بەتایبەت بۆ ئەو مەئموریەتانە دەنێردران کە شەڕی دەستەویەخە و لە مەودایەکی زۆر نزیکدا ئەنجام دەدران. بە وتەی حەسەن ڕەستگارپەنا (٢٠١٩، ل. ١٨٧)، تیمە پێنج کەسییەکانی پێشمەرگە موسڵمان بەردەوام ڕەوانەی پێشەوەی هێرشەکان دەکران؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان جگە لەوەی شارەزای ناوچەکە بوون، زیاتر لە پاسدارەکان توانای بەرگری جەستەییان هەبوو و هەر بۆیە کاتێک شەڕەکان چڕ دەبوونەوە، زیاتر پشتیان پێ دەبەسترا (بڕوانە وێنەی ٣). چونکە ڕێژیم پێویستی

به هێـــزی مرۆیی هەبوو، خولەکانی مەشـــقی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد بۆ پـــازدە ڕۆژ کـــەم کرابووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو مەشـــقی ئاســـایی بۆ ئەندامی ئاسایی ســـوپای پاسداران لە شـــوێنەکانی تری ئێران چـــل و پێنج ڕۆژ بـــوو. ئەم دیاردەیـــە هـــەم بێبایەخیی گیانی جاشـــەکانی لای ئێرانییەکان نیشـــان دەدا و هەم ئەوەی ســـوپای ئێران بەپەلە دەیویســـت لە ڕێگـــەی توندوتیژییـــەوە نەهێڵێ حیزبەکان خۆیان بۆ شـــەڕ ئامـــادە بکەن.

پێشـــمەرگە موســـڵمانەکان لە چەندین بەرەی شـــەڕی بە وتەی خۆیان دژەشـــۆڕش بەشـــدار بوون: ئەوان شانبەشـــانی ســـوپای پاســـداران و ئەرتەش لە جەولەی ســـەربازی، کەمیـــن دانان، چاوســـاخی بۆ پاســـدارەکان، هەڵمەتەکانـــی پاکتاوکـــردن (بڕوانـــە وێنەی ۴)،کۆکردنـــەوەی زانیاریـــی هەواڵگـــری و ناســـینەوەی نەیارە سیاســـییەکان بەشـــدار بوون. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران خۆیان دان بـــەوەدا دەنێـــن کە بێ یارمەتـــی ئەوان نەیاندەتوانی لە کوردســـتان ســـەرکەون:

«ئەگەر پێشمەرگە موســـڵمانەکان نەبوایەن، ئێمـــە ســـەرنەدەکەوتین. کلیـــل و نهێنیی ســـەرکەوتنمان هێـــزە ناوخۆییـــەکان بوون. ئەوان ســـەرچاوەی زانیارییـــە هەواڵگرییەکانی ئێمە بـــوون و لە ڕێگەی ئەوانـــەوە ڕووبەڕووی جووڵەکانـــی دوژمـــن دەبووینـــەوە. بابەتـــی ســـەرنجڕاکێش ئەوەیـــە ئێمـــە بـــە قووڵی لەگەڵ هێـــزە ناوخۆییەکان تێکـــەڵ ببووین؛ هاوڕێـــی یەکتـــر بووبـــن و لـــە یەکتـــری تێدەگەیشتین. لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاکتاوکردن و ڕزگارکردن، جەولـــەکان، کەمینەکان، و جووڵە هەواڵگرییەکاندا، برا ناوخۆییەکانمان بە ڕاســـتی وەک پێشـــمەرگە کاریان دەکرد و ئامادە بوون گیانـــی خۆیان لـــە بەرانبەر دوژمنـــدا بکەنە قوربانـــی، تەنیـــا بۆ ئـــەوەی پارێـــزگاری لە هێزەکای ســـوپا بکەن.» (ئێـــزەدی و ئەوانی تر ٢٠٠٨ا، ل. ۴۶).

## بنەمای ئایدیۆلۆژیک و شەرعییەتپێدان

بنەمـــای ئایدیۆلۆژیکی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد نـــە بەرێکەوت بـــوو و نە کاردانەوەیەکی ســـادە بەرانبەر بـــە بارودۆخی ململانێـــی ناوخۆیی لە کوردســـتان بوو. بەڵکوو لە ڕێگـــەی کایەیەکی گوتاریی چـــڕەوە بونیاد نرابـــوو کە تێیـــدا زمانی ئایینـــی و ئەخلاقی شۆڕشـــگێڕانە یەکیـــان دەگرت بـــۆ ئەوەی پرســـی کورد وەک خەباتێکی ئیسلامیی دژی بێدینـــی، گەندەڵی و پیلانگێڕیـــی نێودەوڵەتی پێناســـە بکەنەوە. ئەو ڕاگەیەندراوە فەرمییانەی کە لـــە لایـــەن ڕێکخراوەکـــەوە دەردەچوون، بەردەوام شـــەڕی چەکدارییـــان وەک «جیهاد» وێنـــا دەکرد و حیزبەکانی کوردســـتانیان نەک وەک ڕکابەرێکی سیاســـی، بەڵکوو وەک «کافر»، «مونافیـــق» و دارەدەســـتی هێـــزە بیانییەکان دەناســـاند (ڕیمک ١٩٨٠ب؛ کەڵوەندی ٢٠١٥). ئەم زمانـــە تەنیا بـــۆ پاســـاودانی توندوتیژی نەبوو؛ بەڵکوو دەیانهەویســـت سەرلەنوێ دۆخی کوردســـتانی پێ پۆلێن بکەنەوە و ئۆپۆزسیۆنی سیاســـیی وەک هەڕەشـــەیەکی ئەخلاقـــی و تیۆلۆژیـــک پێناســـە بکەن کە پێویســـتی بە «ڕیشـــەکێش کردن» هەبوو، نـــەک «دیالۆگ و دانوستان».

لـــەم چوارچێوەیـــەدا، ڕێکخراوەکە خۆی وەک هێزێکـــی ئایدیۆلۆژیکی بەگوڕ نیشـــان دەدا و لـــە بەیاننامـــەی دامەزراندنیـــدا وەک «ڕێکخراوێکی سیاسی-ســـەربازی-ئایدیۆلۆژیک» وەســـف کردبـــوو؛ ڕێکخراوێک کـــە ئەرکی پاکتاوکردنی کوردســـتان لە بێدینـــی (کوفر)، پاراســـتنی شۆڕشـــی ئیسلامی، و سەلماندنی ڕەوایـــی کۆمـــاری ئیسلامی پێ ســـپێردرابوو (ڕیمـــک ١٩٨٠). بەکارهێنانـــەوەی بەردەوامی ئایەتەکانـــی قورئان ســـەبارەت بە شـــەڕی دژی کافـــرەکان و مونافیقـــەکان، بـــۆ پیرۆزکردنی توندوتیژی و داخســـتنی ڕێگـــە لەبەردەم هەر جـــۆرە بیرۆکەیەکی سیاســـیی جیـــاوازدا بوو (بڕوانـــە وێنـــەی ۵). دانوســـتان، پێکهاتن، و

پلۆرالیزم بەردەوام وەک جۆرێک لە لاوازیی یان ناپاکی سەرکۆنە دەکران. بەتایبەتی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر «وەفدی حوسنی نییەت» (دەستەی نیازپاکی) کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەستنیشان کرابوون، هەتا لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی کورددا گفتوگۆ بکەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە (ئەحمەدی ١٩٨٠؛ ڕپمک١٩٨٠ج).

ڕێکخراوەکە و سوپای پاسداران لە ڕووی سیاسییەوە خوازیاری گوێڕایەڵیی ئیسلامی بۆ مرۆڤی کورد بوون و هەر بۆیە بزووتنەوەی کوردیان نەک تەنیا وەک دژە-ئیسلام، بەڵکو وەک هێزێکی «بێرەوشت» وێنا دەکرد و ئەوانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە گەندەڵی و بێئەخلاقی بڵاو دەکەنەوە، فەزیحەتی سێکسییان هەیە، لە دەرەوەی بنەماڵە گەنجان بۆ پەیوەندیی ئازاد هان دەدەن و بوونەتە هۆی دارمانی کۆمەڵایەتی؛ هەر بۆیە لە بڵاکراوەکانی ڕێکخراوەکە و سوپادا بەردەوام دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە پێشمەرگەکان وێنەی وروژێنەر بڵاو دەکەنەوە، باوەڕیان بە بنەماڵە نییە، خۆیان بەشێوەی تێکەڵاو پێکەوە دەژین، کحول و مەشروب دەخۆنەوە و کڕین و فرۆشتنەکەیان ئازاد کردووە و، هەر بۆیە تێکدەری نەریتە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردین و ڕەوشتی کۆمەڵگەیان بەلاڕێدا بردووە (سەفەوی ١٩٨٠؛ چاپاری ١٩٨٠). لە هەمان کاتدا، پرسی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیان وەک پیلانگێڕییەکی ژیۆپۆلیتیکی پێناسە دەکرد و بەردەوام وەک هەوڵێک بۆ دروستکردنی «ئیسرائیلی دووەم» لە ناوچەکەدا باسیان لێ دەکرد و گوایە پرسی کورد لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزمی نێودەوڵەتییەوە ئاراستە دەکرێت (سەفەوی ١٩٨٠، ل. ١٠). ئەم جۆرە گێرانەوانە، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردیان وەک پیلانگێڕییەکی جیهانیی دژ بە ئێرانی ئیسلامی نیشان دەدا، و ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانیشیان وەک پێشەنگی بەرگریکار لە ئیسلام نیشان دەدا.

خومەینی بە تەواوی پشتی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی دەگرت و لە وتارێکی گشتیدا بەڕوونی ڕێوشوێنی فکریی بۆ ئەوان دارشتبوو:

«سوپاسی ئەم گەنجە پێشمەرگە [موسڵمانە کوردانە] دەکەم کە بەڕاستی سەلماندیان فیداکاری ئیسلامن و سوپای پێغەمبەری ئیسلامن. من خەمخۆری ئێوەم؛ خەمخۆری موسڵمانێک بۆ موسڵمانێک، و باوکێک بۆ منداڵەکەی، و نزاتان بۆ دەکەم. لەو ساتەوە ئێوە دژی بەدکاران (موفسیدەکان) و دژی ئەوانەی ویستیان بزووتنەوەی ئیسلامی سەرکوت بکەن ڕاپەڕین، من بە هەموو هێزی خۆمەوە پشتیوانیتان لێ دەکەم و دوعاتان بۆ دەکەم... ئەوانەی لەم ماوەیەدا، چ لە کوردستان یان لە هەر شوێنێکی تر، دژی ئەم بزووتنەوەیە وەستانەوە، کەسانێک بوون کە هیچ تێگەیشتنێکیان لە ئیسلام نەبوو و نەیاندەویست حکومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێت... ئێوە وەک سەربازانی سەرەتای ئیسلام وان» (خومەینی ٢٠١٤، ١٣:٢٢).

خومەینی وەک ڕێبەری سیاسیی ئیسلام بۆ ئێرانییەکان، باس لەوە دەکات کە پێشمەرگە موسڵمانی کورد «سوپای پێغەمبەری ئیسلامن» و بە شێوەیەکی سیمبولیک ئەم ڕێکخراوەیە دەخاتە ناو گێڕانەوەی فتوحاتی ئیسلامی و شەڕی دژەکافرانەوە. بە دیوێکی تردا ئەم باسە مانای ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە پێشمەرگە کوردەکان دژبەری ئیسلامن، نەک حکومتی ئێران و هەر بۆیە توندوتیژی دژی ئەوان سەرکوتێکی دەوڵەتی نییە، بەڵکوو لە درێژەی مێژووی پێغەمبەر و ئیسلامدایە و لەناوبردنی کافرە لادەرەکانە. هەر بۆیە ئەگەر پێشمەرگە موسڵمانێک لەم ڕێگەیەدا بکوژرێ شەهیدە و

وەک سەحابەی پێغمبەر دەچێتە بەهەشتەوە و پێشمەرگەی کوردیش چونکە کافرە لە ئاکامدا دەچێتە دۆزەخەوە. کەواتە لەم شێوازە نوێیەدا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێوەری ئایینی لەسەر کورد تاقی دەکرایەوە، هەموو کوردەکان خراپ نەبوون. کوردی موسڵمان مافی ژیانی لە کوردستانی پێدەدرا و کوردی کافر دەخرایە دەرەوەی بازنەی یاساییەوە. کافرەکان دژی یاسای ئیسلامی چەکیان بە دەستەوە گرتووە و بەو هۆیەوە کوشتنیان جێبەجێ کردنی حوکمی خودایە.

## حوکمڕانی لە ڕێگەی بەسەربازیکردنی پرسی کورد

ڕژێمی نوێی ئیسلامی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانێ لە ڕێگەی حوکمڕانییەکی ئاساییەوە کاروباری کوردستان بەڕێوە ببات. بۆیە ستراتیژییەکی دوو ڕەهەندی ڕەچاو کرد: لە لایەکەوە بەرەو دانوستان لەگەڵ لایەنە کوردەکان هەنگاوی نا، و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی کڕینەوەی کاتی دا بۆ ئەوەی پاسدارەکانی سوپا بۆ سەرکوت ئامادە ببن. دانوستان، لە ناو ئەم خوێندنەوەیەدا، تەنیا میکانیزمێک بۆ چارەسەری ململانێ نەبوو، بەڵکوو تاکتیکێکی سیاسی بوو بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی گۆڕەپانەکە، بەر لەوەی لە ڕووی سەربازییەوە شەڕ و پێکدادان ساز ببێ؛ پیلانەکەش ئەمە بوو کە تێچووی سەرکوتکردنەکانی دواتر کەم بکرێتەوە و لە ڕێگەی دروستکردنی دووبەرەکی، هەژموونی حیزبەکان لە کوردستان لاواز بکرێت.

ئەمە ڕێک شێوازێکە کە عیزەتوڵڵا سەحابی (١٩٣٠-٢٠١١)، سیاسەتمەداری ناسراوی ئێرانی و ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، وەسفی «دەستەی نیازپاکی» (هیئت حسن نیت) دەکات کە بۆ گفتوگۆ سەردانی کوردستانیان کردبوو. سەحابی پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم دانوستانانە تێگەیشتبوون، و ئەو گفتوگۆیانەی لە پاییز و زستانی ١٩٧٩دا ئەنجام دران، تەنیا بۆ ئەوە بوون نیشان بدرێت دەوڵەت دەیهەوێت دیالۆگ بکات، و بەو شێوەیەش «خەڵکی کورد لە حیزبەکانی کوردستان جیا بکرێنەوە» (سەحابی ٢٠٠٣، ل. ٦٦).

هەروەها سەحابی باس لەوە دەکات کە دوای گەڕانەوەی لە یەکێک لە سەفەرەکانی بۆ کوردستان بە ناوی وفدی نیازپاکییەوە، ڕاستەوخۆ بە خومەینی ڕاگەیاندووە کە خەڵکی کوردستان لە شەپۆلی لەسێدارەدانە بەکۆمەڵەکانی سادقی خەڵخاڵی لە کۆتایی هاوینی ١٩٧٩ ئێجگار نارازین. بۆیە دەگێڕێتەوە کە ئەو ئامۆژگاریی خومەینی کردووە کە پەیامێکی دڵنەوایی ئاراستەی خەڵکی کوردستان بکات. مەبەستی نهێنیش ئەوە بوو کە ئەمە ڕێگە بە دەوڵەت دەدات «وردە وردە ڕیزی خەڵک لە گرووپە جوداخوازەکان جیا بکاتەوە»، تا بتوانێ هەم خۆی بۆ شەڕ دژیان چەکدار بکات و هەم دەسەڵاتێکی سیاسی لە کوردستان دامەزرێنێت بۆ ئەوەی کاراتر شەڕی گرووپە جوداخوازەکان بکات (سەحابی ٢٠٠٣، ل. ٦٦؛ ٢٠١٣، ل. ٨٦-٨٧). لە ١٧ی نۆڤامبری ١٩٧٩دا، پەیامە ڕادیۆییە بەناوبانگەکەی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان بڵاوکرایەوە: «داوا لە وفدە تایبەتەکە دەکەم بە «نیازپاکی»یەکی تەواوەوە لە دانوستانەکانیان بەردەوام بن؛ و بە کەسایەتییە ئایینی، سیاسی و نەتەوەییەکان و چین و توێژەکانی تری خەڵکەوە پەیوەندی بگرن، تاوەکو هێنانەدیی داواکارییەکانیان —کە داواکاریی ئێمەشن— بەو شێوەیەی خۆیان دەخوازن، با بەدی بێت... لە ئایینی ئیسلامی مەزندا هەموو جۆرە جیاکارییەک ڕەتکراوەتەوە... لە سایەی پاراستنی ئیسلام و کۆماری ئیسلامیدا، مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و خۆجێیی، و نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی کولتووری، ئابووری و سیاسی، مافی هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەیە،

لەوانەش برا کوردەکان؛ و حکومەتی کۆماری ئیسلامی پابەند و بەرپرسیارە بەوەی لە زووترین کاتدا داواکارییەکانیان دابین بکات» (خومەینی ۲۰۱۴، ۱۱:۵۵).

پەیامەکەی خومەینی لە لایەن بەشێک لە دانیشتووانی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. هەندێک کەس وا تێگەیشتن کە ئەمە بەڵێنێکی ڕاستگۆیانەیە بۆ چارەسەرکردنی مەینەتییە مێژووییەکانیان. ئەوان لە ستراتیژییە شاراوەکەی ڕێژیم بێئاگا بوون کە دانوستان و گوتاری ئاشتەوایی بۆ کاتکوشتن و ئامادەکاریی شەڕ بەکار دەهێنرا. ئەم دڵخۆشییە کاتییە، پەیامەکەی لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەر کرد: وێنەیەکی وای پیشان دەدا کە دەوڵەت دەیهەوێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدار بکات، لە کاتێکدا و لە ڕاستیدا دەرفەتی بۆ دەوڵەت دەڕەخساند تا خەڵک لە حیزبەکان جیا بکاتەوە. لۆژیکی پشتی ئەم ستراتیژییە لە گێڕانەوەکەی شێخ حوسێن کرمانیدا بەڕوونی دەردەکەوێ. کرمانی وەک چاودێری وفدی نیازپاکی لە لایەن خومەینییەوە هەڵبژێردرابوو. کرمانی بەسەرهاتی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەندامانی وفدەکە (هاشم سەباغیان و عیزەتوڵڵا سەحابی) دەگێڕێتەوە کە لێی پرسیون: «ئێوە هەر بەڕاست دەتانهەوێ قسەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام ئایا بە فەرمی دانیان پێدا دەنێن؟ ئایا دان بە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتدا دەنێن؟ ڕێک دەتانهەوێت چی بکەن؟». بە وتەی کرمانی، وەڵامەکەی ئەوان ڕاشکاو بووە: «ئێستا بارودۆخمان باش نییە؛ ئەو توانایەمان [بۆ سەرکوت] نییە. با بە قسە سەرقاڵیان بکەین تا پەنا بۆ کردەوەی توندڕەوانە نەبەن، هەتا ئەو کاتەی دەتوانین وردە وردە سنوورەکانمان بپارێزین، سوپاکەمان ڕێکبخەینەوە و ئەم خەڵکە هێمن بکەینەوە» (کرمانی ۲۰۰۵، ل. ۹).

لەناو ئەم کەشوهەوایەی «دانوستانی بەئەنقەست» و «دواخستنی بەمەبەست»دا، ڕێژیم دەستی کرد بە وەرگێڕانی ستراتیژییە سیاسییەکەی بۆ ڕێکارێکی ئەمنی. ئەگەرچی سوپای پاسداران لە تاران بەتەواوی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پشتیوانی لێ دەکرا و کەس نەبوو ڕەخنەیان لێ بگرێ و بە هەموو شێوەیەک دەستیان ئاوەڵا کردبوون، بەڵام ئەزموونێکی سەربازیی ئەوتۆیان لە مەیداندا نەبوو. هەر بۆیە ئەوان کوردستانیان وەک تاقیگەیەک بۆ فێربوون و ئەنجامدانی «جەنگی نارێک» (Irregular warfare) سەیر دەکرد (عالەمزادە ۲۰۲۳). هەڵبەت سوپای پاسداران کە نەیدەتوانی هێزی پیادەی پێویست بۆ شەڕی چەکداری لە کوردستان دابین بکات یان هێندە کارامەیی نەبوو بزانێ چۆن دەبێ بەرەورووی هێزی پێشمەرگە خاوەن ئەزموونەکانی حیزبەکانی کوردستان ببێتەوە، بیری لەوە کردەوە کە دروستکردنی هێزێکی کوردیی ڕێکخراو و گرێدراو بە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی سەر بە ڕێژیمی ئێرانەوە دەتوانێ ئەوان بە ئامانجەکەیان بگەیەنێت. لۆژیکی ستراتیژیکی پشتی ئەم بیرۆکەیە دوو لایەنی هەبوو: ڕێکخراوێکی وەها دەیتوانی هێزی مرۆیی پێویست بۆ سەرکوتکردن دابین بکات و، لە هەمان کاتدا دەیتوانی بێمتمانەیی و درزی ناوخۆیی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا ساز بکات (سەباغیان ۲۰۰۳، ل. ۵۶). لەم سۆنگەیەوە، سەرکوتکردن لەگەڵ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا هاوتەریب جێبەجێ دەکرا. ئامانجەکەش تەنیا تێکشکاندنی نەیارە چەکدارەکان نەبوو، بەڵکوو لاوازکردنی ئەو تەبایی و یەکگرتوویییە کۆمەڵایەتییە بوو کە هێزی سیاسیی بە مرۆڤی کوردی دەدا.

## بەکارهێنانی ئیسلامی سوونნە و پێکهێنانی پێشمەرگە موسڵمانی کورد

سوپای پاسداران بە بژاردەیەکی زۆر سنووردارەوە هاتە ناو کوردستانەوە. حیزبە سیاسییەکانی کورد خاوەن پشتیوانییەکی جەماوەریی بەرفراوان بوون، لە کاتێکدا

ئایدیۆلۆژیـــای ئیسلامی-شـــیعەی ڕێژیمـــە نوێیەکـــە، سەرنجراکێشـــییەکی کەمـــی لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشـــتووانەکەی سووننە بوون هەبـــوو و زیاتر لە کوردەکانی باشـــووری کوردستان باوەشـــیان بۆ حیزبەکان کردبووەوە. بە وتەی ســـەباغیان هەندێک لـــە دەرەبەگ و خاوەن دەســـەڵاتەکانی کورد کـــە بەرژەوەندیی ئابوورییان هـــاوکاری کردن لەگـــەڵ ڕێژیمی نوێ بـــوو، ئامادەیـــی ســـەرەتایی خۆیان بۆ شەڕ دژی پێشـــمەرگە دەربڕیبوو، بەڵام سوپای پاســـداران نەیدەتوانی پشـــتیان پێ ببەستێت؛ هەم لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی شـــەرعییەتی جەمـــاوەری نەبـــوون و هەم بەهـــۆی ئەوەی ڕێژیم بە تـــەواوی متمانەی پێیـــان نەبوو. لە بەرانبەر ئەم بنبەســـتەدا، فەرماندەکانی سوپای پاسداران ســـتراتیژییەکی جیاوازی ڕەچاو کرد: ئاراســـتەکەیان بەرەو کاراکتەرە سوونەکان برد کە ڕوانگەیەکـــی ئیسلامییان هەبـــوو و دەکرا دژی بزووتنەوە چەپەکانی کـــورد بیانجووڵێنن.

هـــەر لـــە ســـەرەتاوە و، بەتایبـــەت لە شـــارەکانی وەک ســـنە و مەریوانـــدا، ژیانی سیاســـی بەهۆی پەرەســـەندنی گرژیی نێوان لایەنگرانی ڕێکخـــراوە چەپـــەکان (بەتایبەت کۆمەڵـــە و ڕێکخراوی چریکی فەدایـــی خەلق) و هەندێـــک لایەنگری حکومەتـــی ئیسلامی (لە مانـــا بەرفراوانەکەیدا) تووشـــی کێشـــە ببوو. ئەم کەســـانە کە خۆیان نزیکتـــر لە حکومەتە ئیسلامییـــە نوێیەکـــە دەبینـــی نەیاندەتوانی دەســـەڵاتی ئەو حیزبانە قەبوڵ بکـــەن. لە ناو ئەم ژینگـــە دوو جەمســـەرەییەدا، ئەحمەدی موفتیزادە (١٩٣٥-١٩٩٣) وەک کەسایەتییەکی ســـەرەکی موســـڵمان دەرکەوت. موفتیزادە کە ڕێبەرێکی ئایینیی دیاری ســـوونە بوو، هاوکات لەگەڵ ئـــەوەی دەســـتێکی لـــە ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا هەبـــوو، لە لای خەڵکیش خۆشەویســـت و جێـــی ڕێـــز و متمانـــە بوو (عێزەتیار ٢٠١٦). موفتیزادە خۆی بە بەشـــێک لە بزووتنـــەوەی کورد دەزانـــی و داکۆکیی لە جۆرێـــک لە «ئۆتۆنۆمیی ئیسلامـــی» دەکرد کە لەســـەر بنەمای یەکســـانیی تەواوی یاســـایی دامەزرابێت (موفتیـــزادە ٢٠٢٠). بەڵام لەگەڵ زیادبوونی گرژییـــەکان، ئەو ڕەتی کردەوە بچێتە پاڵ حیزبەکانی کوردستان و لەگەڵیان هاودەنگ بێت. لە ئاکامـــدا موفتیزادە لەگـــەڵ نزیکەی ســـی کەس لە لایەنگرەکانی، ســـنەی بەرەو کرماشان جێهێشـــت و ئەم کشانەوەیەشی وەک کۆچ (هیجرەت) وەســـف کرد (عێزەتیار ٢٠١٦، ل. ١٧٤)؛ بەمـــەش بە ئاگاییـــەوە ئاماژەی بە کۆچی پێغەمبـــەری ئیسلام لـــە مەککەوە بۆ مەدینـــە دەکرد.

ئەمـــە ســـاتەوەختێکی یەکلاکـــەرەوە بۆ دوارۆژی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان بـــوو. بە ڕەزامەندیـــی ڕاســـتەوخۆی خومەینـــی و بە پشـــتگیریی کەســـایەتییە باڵاکانی شـــۆڕش، لەوانـــەش عەلـــی خامنەیـــی کە ئـــەو کات ئەندامـــی ئەنجومەنی شـــۆڕش بـــوو (بڕوانە وێنـــەی ٦ و ٧)، محەممـــەد برووجێـــردی ڕاســـپێردرا بۆ ئەوەی هێزێکی چەکـــدار لەناو ئەو موسڵمانە ســـوونە نارازییانە ڕێک بخات و تواناکانیان هەڵســـەنگێنێت بۆ ئەوەی بەرەبەرە وەک یەکەیەکی ســـەربازی ڕێکیان بخات. هەر لێـــرەدا دەبێ ئامـــاژە بەوە بکـــەم، ئەگەرچی جاروبار بـــاس لەوە کـــراوە کـــە ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد دەســـتکردی ئەحمـــەد موفتیزادەیە، بـــەڵام بەڵگەنامەکانی ســـوپای پاسداران بەڕوونی نیشـــانی دەدەن کە ڕێکخراوەکە لـــە ژێر چاودێریی ڕاســـتەوخۆی ســـوپای پاســـداران دامـــەزراوە. ئەگەرچـــی موفتیـــزادە دژی پێکهێنانـــی ئەم هێـــزە بوو، بەڵام ســـەرەڕای ئـــەوەش، دەوڵـــەت پێگە و شـــەرعییەتە ئەخلاقییەکـــەی ئـــەوی وەک ئامرازێـــک بۆ ڕەوایی و پەرەپێـــدان بە پیلانەکە بـــەکار هێناوە.

لەو قۆناغەدا، ئەو موسڵمانە کوردەی تاک و تەرا لایەنگری ڕێژیم بوون و پێشـــتر لە کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە شـــارەکانی وەک مەریوان، سنە، ســـەقز، دیوالان و کامیاران چالاک بوون، ڕاپانگەیانـــد کە چیتـــر ناتوانـــن بەرگەی ئەو ژینگەیە بگـــرن کە ئەو لایەنـــەی ئەوان وەک

دژە-ئیسلام لە کوردستاندا وەسفیان دەکرد دروستیان کردووە و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ژیانیان لە مەترسیدایە. ئەوان گوازرانەوە بۆ کرماشان و لەوێ لەو هۆتێلانەدا نیشتەجێ کران کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بۆیان تەرخان کرابوو، ژمارەشیان لە نێوان ١٥٠ بۆ ٣٠٠ کەس دەبوو و زۆربەیان خەڵکی دەوروبەری مەریوان و سنە بوون. بۆ ماوەی چەند مانگێک بەر لە یەکەم ئۆپەراسیۆنەکەیان لە کامێران لە ٣٠ی ژانوییەی ١٩٨٠، ئەم چەکدارانە لە کرماشان و لە کەمپی خزری زیندە (کە نزیکەی پازدە کیلۆمیتر لە دەرەوەی شارەکە هەڵکەوتبوو)، لە ژێر چاودێریی فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بە ناوی عەلی ئەکبەر مەداح، مەشقی سەربازیی نهێنییان پێ کرا. لە پاییزی ١٩٧٩دا، ڕێکخراوەکە بە فەرمی لە ژێر سەرپەرشتیی برووجێردی ڕاگەیەندرا و ڕەحیم ئەحمەدی وەک فەرماندەی ڕێکخراوەکە دەستنیشان کرا (کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ١٧٠-٢٠٠) (بڕوانە وێنەی ٨).

فەرماندەکانی سوپای پاسداران باسیان لەوە کردووە کە سەرەتا مشتومڕێکی زۆریان هەبووە کە ناوی ڕێکخراوەکە «پێشمەرگەی کوردی موسڵمان» بێت یان «پێشمەرگەی موسڵمانی کورد». دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسایەتییە کوردەکانی سەربەخۆیان، دەستەواژەی دووەم (پێشمەرگەی موسڵمانی کورد) پەسەند کراوە، چونکە کوردەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە «پێش لەوەی کورد بین، ئێمە موسڵمانین» (شوکری ٢٠١٠، ل. ٣٠٠؛ کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ٢٩٦). ئەم پێچەوانەکردنەوە زمانەوانییە ڕێکەوت نەبووە؛ بەڵکوو ناسنامەی ئایینیی ئەوانی خستە پێش ناسنامەی نەتەوەییەوە. هەر ئەمە وای کرد ڕێکخراوەکە لەگەڵ ئەولەویەتە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هاوئاهەنگ بێ و لە هەمان کاتدا بەشداریکردن لە توندوتیژییەکانی دەوڵەت چیتر وەک جاشایەتی لە لای ئەوان پێناسە نەدەکرا، بەڵکوو وایان بیر دەکردەوە کە چەک هەڵگرتن دەبێتە خزمەت بە ئایینی ئیسلام و بەشێکە لەو مێژووە پڕ لە شانازییەی کە موسڵمانەکان کافرەکانیان شکست داوە.

هاوکات لەگەڵ چەسپاندنی ڕێکخراوەیی و سەربازیی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، ڕێژیم بەشێوەیەکی ستراتیژیک بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕێکخراوەکە سەر بە ئەحمەدی موفتیزادەیە. ڕێژیم هەوڵی دەدا ئەم هێزە بە موفتیزادەوە گرێ بداتەوە و کەڵکی لە پێگەی هێمایی و شەرعییەتی ئەخلاقی ئەو لەناو خەڵکدا وەرگرێت. بەتایبەت موفتیزادە لە ناو پەیڕەوانی ئەو ڕەوتەی کە بە «مەکتەب قورئان» دەناسران وەک کەسایەتییەکی مەرجەع سەیر دەکرا. سوپای پاسداران و بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بە مەبەستی فریودانی سیاسی کەڵکاژۆیان لە ناوی باشی موفتیزادە وەردەگرت.

موفتیزادە بەراشکاوی هەر جۆرە پەیوەندی و گرێدانەوەی ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمانی کوردی بەخۆیەوە ڕەت کردەوە. لە نامەیەکدا کە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠دا ئاراستەی حوسێن عەلی مونتەزیری (١٩٢٢-٢٠٠٩)ی کردبوو، نارەزایەتی بەرانبەر بەوە دەربڕی کە بەرپرسانی دەوڵەت بەردەوام هەوڵیان داوە ڕێکخراوەکە بە ئەوەوە ببەستنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو بە توندی دژی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە بووە. بە بڕوای موفتیزادە، ئامانج لەم ستراتیژییە هاندانی گەنجان بووە بۆ بەشداریکردن، فراوانکردنی هەژموونی ڕێکخراوەکە لە ناو موسڵمانانی کوردستان، و شەرعییەتپێدان بە جێگیرکردنی ئەم هێزانە لە پاڵ هێزەکانی دەوڵەت لە شار و گوندەکانی کوردستاندا. موفتیزادە باسی لەوە کردووە کە چۆن ڕێکخراوەکە لە شارەکانی کوردستان، کەڵکاژۆی ناوی ئەویان کردووە و بەپێی سیناریۆیەکی دارێژراو لەناو خەڵکدا دەنگۆی ئەوەیان ساز کردووە کە ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمانی کورد سەر بە ناوبراوە (موفتیزادە ١٩٨٠).

لە گفتوگۆیەکی دواتردا لــە ناو بازنەیەکی لایەنگرانیـــدا، موفتیـــزادە باس لـــەوە دەکات کــە پێیزانیوە دەوڵــەت دەیهــەوێ هێزێکی چەکــداری ژێــر کۆنترۆڵــی خۆی لـــە ناو کوردانـــدا دابمەزرێنێت و هەر بەو مەبەســـتە گرووپێکی بچووکی لەو کەســـانەی لە کرماشان کۆکردووەتـــەوە. هەر بۆیە ئەو هۆشـــداری پێ داون کـــە بەشـــداریکردن لـــە هێزێکی لەو شـــێوەیەدا، خیانەتە لە نەتەوەی کورد. هەروەها موفتیـــزادە ئەو بانگەشـــانەی ڕەت کردووەتەوە کە دەیانـــوت ئامانجی ڕێکخراوەکە پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی کوردی هەیـــە، تەنانەت ئەو ســـازکردنی ئەم ڕێکخراوەیەی وەک هەوڵێکی بەئانقەســـت بۆ هەڵگیرسانی شـــەڕی ناوخۆ لە کوردســـتاندا پێناســـە کردووە. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە، کشـــانەوەی لە ســـنە ڕێـــک لەبەر ئەوە بـــووە کـــە زانیویەتی مانـــەوەی دەبێتە هۆی پەلکێشـــکرانی بۆ ناو شـــەڕی براکوژی لە نێوان موسڵمانەکان و مارکسیستەکاندا؛ شەڕێک کە پێی وابوو دەوڵـــەت دەیهەوێت ئەندازیاریی بکات و خۆشـــی لە دوورەوە بینـــەر بێت. لای موفتیـــزادە، پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کـــورد تەنیا هەڵەیەکی سیاســـی نەبوو، بەڵکو ســـتراتیژییەکی هۆشیارانە بوو کە بۆ لەتکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئاراســـتەکردنی توندوتیژی بەرەو ناوخـــۆ دارێژرابوو.

جێی ســـەرنجە کە ئەحمەد موتەوەسەلیان (١٩٥٣-١٩٨٢)، یەکێـــک لـــە کەســـایەتییە ناودارەکانی ســـوپای پاســـداران، بە شێوازێک وەســـفی دامەزراندنی ڕێکخراوەکـــەی کردووە کـــە لەگەڵ پێناســـەکەی موفتیـــزادەدا تەواو یەکدەگرێتەوە. موتەوەســـەلیان دەگێڕێتەوە کە ڕێکخراوەکە لە ســـاتێکدا دەرکـــەوت کە هێزە چەکدارەکانـــی ســـوپای پاســـداران، بە هۆی بڕیاری وەفـــدی نیازپاکییـــەوە، نەیاندەتوانی لە کوردســـتان بمێننـــەوە. واتە وەفدەکـــە قەولی بـــە حیزبەکانـــی کوردســـتان دابـــوو کە بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان نەهێڵێ پاســـدارەکان لە کوردســـتان بمێنن. دیـــارە ئەمە یەکێک لە خواستەکانی سیاســـەتوانەکانی کورد بووە. لەم بارودۆخەدایە، فەرماندەکانی ســـوپا ڕێکخراوەی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کـــورد دەکەنـــە کەاوســـووری بەر لەشـــکر و ئەوان بۆ شـــەڕی کامێران و ســـنە دەنێرن و بەرەبـــەرە خۆیان پشـــتیوانییان لێ دەکـــەن. واتـــە دەیانهەوێ نیشانی بدەن کە ســـازبوونی توندوتیژی و شەڕ هـــەر لە نێـــوان کوردەکاندایە و کێشـــەیەکی نێوخۆییـــە و پەیوەندی بـــە دەرەوە نییە. بۆیە کوردە موسڵمانەکان (نەک ســـوپای پاسداران) بە ویســـتی خۆیـــان و گوایە بـــە کەمترین ئیمکاناتەوە خۆیان چەکدار کردووە و شـــەڕیان لەگەڵ ئەوانـــە کردووە کە گوایە دژە شـــۆڕش بوون (حوســـێن ١٩٩٧، ل. ٤٦).

گێڕانەوەکـــەی موتەوەســـەلیان زیاتر ئەوە دەردەخـــات کـــە چۆن ئـــەم ســـەرلەنوێ دارشـــتنەوەی دۆخەکە لە ڕووی سیاســـییەوە بۆیـــان گرنگ بـــووە. هەر لەو ســـاتەوەختەدا کاتێـــک داریـــوش فرووهـــەر (یەکێـــک لە ئەندامەکانـــی وەفـــدی نیازپاکـــی) نارەزایەتی دەربڕیوە کە بۆچی ســـپای پاســـداران هێرشی کردووە و باســـی لـــەوە کـــردووە ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد نایاســـاییە و هـــەر بۆیە مەحکومـــی کردوون، لـــە وەڵامدا پێی گوتـــراوە تـــۆ بۆچی خۆت ســـەخڵەت دەکـــەی! هەردوولای شـــەڕەکە چەکدارن و بە یەک ئەندازە نایاســـایین و ســـوپای پاسداران دەســـتی تێدا نییە. کەواتە ڕژێـــم بەئاگاییەوە ویســـتوویەتی شـــەڕێکی نێوخۆیی لەناوماڵی کورد ســـاز بـــکات و بەپێچەوانـــەی ئەوەی جاروبار باســـیان لە برایەتی پاسدار و پێشمەرگە موســـڵمانی کورد کردووە، گیانی ئەوانیان نەک بۆ گرنگ نەبـــووە، بەڵکوو ئەوانیان بەســـووکی ســـەیر کردووە و مردنەکەشیان هیچ بایەخێکی بۆیـــان نەبووە.

موفتیـــزادە ئەگەرچی پێیوابـــوو دەتوانێ لە ڕێگـــەی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمـــی ئیسلامییەوە شـــتێک بۆ کـــورد بەدەســـت بێنـــێ بەڵام

متمانەی بە بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی بووە هۆی ئەوەی هەم کێشە بۆ خەبات لە کوردستان ساز بکات و هەمیش زۆر بەخێرایی خۆی و لایەنگرانی پەراوێز بخرێن و خۆی دوای ئەشکەنجە و زیندانیبوون، گیانی لە دەست دا. موفتیزادە ئەگەرچی نیشتمانپەروەر بوو و فەزای ڕادیکاڵی سیاسیی ئەو سەردەمە بە کەڵکی هەڵسووکەوتی ئەو نەدەهات، بەڵام بۆخۆشی گیرۆدەی ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی ببوو. هەر بۆیە ئەویش حیزبەکانی بە لادەر لە دینی ئیسلام لە قەڵەم دەدا کە فریویان خواردووە. هەر ئەمە ناڕاستەوخۆ دەکەوتە خزمەتی ڕێژیمەوە کە دەرفەتی ئاوای بەباشترین شێوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەگریسەکانی خۆی بەکار دەهێنا.

## دەرەنجام

لەم وتارەدا ئەوە شی کراوەتەوە کە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد بەڕێکەوت و لە ئەنجامی ئاڵۆزییەکانی سەردەمی شۆڕش ساز نەبووە، بەڵکوو هێزێکی هاوکاری سوپای پاسداران بوو کە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی هێزی مرۆیی ئەوان بۆ سەرکوت لە کوردستان دروست کرا. هەروەها پرۆژەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک بوو کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی جیا کردەوە و وەک هێزێکی سەرکوتکەر بۆ کپ کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری هێنا. سوپای پاسداران، وەک سەرەکیترین دامەزراوەی ڕێژیم بۆ پاراستنی بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی، تەنیا بە کوشتن و بێدەنگ کردن ڕازی نەدەبوو، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەوە دەیویست ململانەیەکی نێوخۆیی لە کوردستان ساز بکا کە هەتا ئەمڕۆ ئاسەوارەکانی ماونەتەوە.

ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد

وەک دوژمنێکی ئاسایی سەیری ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی کوردستانی نەدەکرد، بەڵکوو ئەوانی بە کافر و موونافق و سیخوڕی ئیسرائیل پێناسە دەکرد. ئەم پۆلێنکردنانە تەنیا بۆ سووکایەتی کردن نەبوون، بەڵکوو بە زمانێکی ئایینی بارگاوی کرابوون. کاتێک پێشمەرگە کوردەکانی سەر بە حیزبەکانی دێموکرات و کۆمەڵە وەک دوژمنی خودا پیشان دەدران، ئیتر توندوتیژیی دژی ئەوان حوکمی جیهادی هەبوو و تەنیا وەک سەرکوتی دژبەرانی سیاسی لێکنەدەدرایەوە. لە ناو ئەم ئایدیۆلۆژییەدا، ڕێکخراوەکە هەر جۆرە گفتوگۆ و سازشکردنی لەگەڵ پێشمەرگەکان وەک سازشکردن لەگەڵ ئەو کەسانە سەیر دەکرد کە بەکردەوە بێئەخلاق و پیسن، و هەر بۆیە ئامانجی سەرەکی خۆیان وەک پاکتاوکردنی کوردستان ناوزەد دەکرد. ئۆتۆنۆمیش نەک وەک داواکارییەک بۆ خۆبەڕێوەبەری، بەڵکو وەک پیلانگێڕییەکی ناوچەیی دژ بە حکومەتی ئیسلام و دەروازەیەک بۆ داڕووخانی بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵگە سەیر دەکرا. دووپات کردنەوەی ئەم بانگەشانە، گرنگییەکەی لەوەدا نەبوو کە تا چەند لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەگونجێن، بەڵکوو ئەوان ئەرکی دارمانی ورەی خەڵکی کوردیان پێ ئەسپێردرابوو. هەتاکوو ئیستاش خەڵکی کورد لە خۆی دەپرسێ بۆ دەبێ خەڵکانێک وەکوو جاش هاوکاریی دوژمنانی کوردستان بکەن ؟

پشتگیریی خومەینی بۆ ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆژیی بۆ ئەوان ساز کردبوو. خومەینی پێی گوتن ئێوە وەک پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچتان کرد و بە جیهاد لەگەڵ کافرەکان وەک سەحابەی پێغەمبەروان. هەم لە دنیا بەپێی شەرعی ئیسلام ژیاون و هەمیش ئەگەر بکوژرێن لە ڕیزی شەهیدانی یارانی پێغەمبەردان. ئەم ستایشە لەسەر بنەمای ئیلاهیاتی سیاسیی ڕێژیمی

نوێوە، کاردانەوەی لەسەر ئەدەبیاتی سیاسیی ڕێکخراوەکە دانا و پێگەی جاشەکانی هێندە بەرز کردەوە کە شانیان لە شانی سەحابەی پێغەمبەری ئیسلام دەدا. لە بەرانبەردا پێشمەرگە کوردەکان وەک دوژمنانی ئیسلام وێنا دەکران کە کافرن، کەواتە ڕشتنی خوێنی ئەوان حەڵاڵ دەکرا.

لە ڕوانگەی دژەکۆلۆنیالیستییەوە، ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد ئەوە بوو کە ڕێگە بۆ حوکمڕانیی ڕژێمی نوێی ئیسلامی لە کوردستان خۆش بکات. کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگەی هەندێک دابەشکاری ئەوانەوە زیانێکی گەورەی بەر کەوت: موسڵمانبوون کەوتە پێش کوردبوون، یەکێتیی ئیسلامی پێش ئۆتۆنۆمیی، و گوێڕایەڵیی بۆ ئێرانییەکان پێش مافی چارەی خۆنووسین. هەوڵ بۆ گرێدانی ڕێکخراوەکە بە کەسایەتییەک وەک ئەحمەدی موفتیزادە، ستراتێژی ڕژێم بوو کە دووبەرەکی




**وێنەی ١:**

ئایەتوڵڵا محەممەد سەدووقی (١٩٠٩-١٩٨٢) لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێک بۆ کۆمەڵێک لە دانیشتووانی کورد لە ناو مزگەوتێکدا، لە کاتێکدا ئەندامانی سوپای پاسداران یاوەری دەکەن. لە پشت سەری ئەوەوە، پۆستەرێک هەڵواسراوە کە لۆگۆی سوپای پاسدارانی پێوەیە و ئایەتی ٢٩ی سورەتی (الفتح)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی تێیدا نەخشێندراوە: «محەممەد پێغەمبەری خودایە و ئەوانەش کە لەگەڵیدان، بەرامبەر بێبڕواکان (کافران) توند و تیژن و لە نێوان خۆیاندا بەبەزەیین». ئەم ئایەتە پێشتر لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لە فەتواکەیدا بۆ ڕاگەیاندنی جیهاد لە کوردستان بەکار هێنرابوو (ئیزەدی و ئەوانی تر ٢٠٠٨، ٢٤).



**وێنەی ٢:**

پاســـداره خۆبەخشـــەکانی گوردانی جوندوڵڵا لە شـــاری ســـەقز لەگەڵ تەرمی پێشـــمەرگەیەکی شەهیدی کورد لە ڕێکخراوی کۆمەڵە، ســـاڵی ١٩٨٢. ســـەرچاوە: (کەریمـــی ٢٠٢٠، ل. ٢١٤).




**وێنەی ٣:**

گوردانی ســـارەڵڵای سەقز، سەر بە ســـوپای پاســـداران، لەگەڵ پێشمەرگە موســـڵمانەکان لە کاتی خۆتەیارکردن بۆ هێرش بۆ ســـەر هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان لە گوندی کەســـەنزان ســـەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز، ساڵی ١٩٨٣.




**وێنەی ۴:**

ســــەردێڕی بەرگی گۆڤاری پەیامی ئینقیلاب (زمانحاڵی فەرمیی ســــوپای پاســــداران): ئیمام خومەینی: «هۆشداری دەدەم کە دەبێ چەپەڵەکان لە کوردســــتان پاکتاو بکرێن» (ســــوپای پاسداران ١٩٨٠).




**وێنەی ٥:**

پێشمەرگە موسـوڵمانێکی کورد لە نێوان دوو ئەندامی سوپای پاسداران وەسـتاوە، لە دەستێکیدا تفەنگ و لە دەستەکەی تریدا قورئانێکی هەڵگرتووە (کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ٤٩٣).



**وێنەی ٦:**

عەلـی خامنەیی، نوێنـەری خومەینی لە ئەنجومەنی باڵای بەرگـری (دواتر بوو بە ڕێبەری کۆمـاری ئیسلامی)، لە ناو ئەندامانی پێشمەرگە موسـوڵمانی کورد لە گوندی دزڵیی مەریوان، ساڵی ١٩٨٠. سـەرچاوە: (خامنەیی ٢٠٠٩).




**وێنەی ٧:**

پۆستەری کۆنگرەی ڕێزلێنان لە کوژراوانی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، ساڵی ٢٠١٥، کە وتەیەکی عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر نووسراوە: «لە ناوچە کوردییەکاندا، گەلێک برای ئازا و دڵسۆز هەبوون... باشترینیان ئەو گەنجانە بوون کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە موسڵمانی کورددا کۆبوونەوە» (خامنەیی ٢٠١٥).



**وێنەی ٨:**

محەممەد بڕووجێردی (١٩٥٥–١٩٨٣)، لە لای ڕاستەوە دەبینرێ، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی سوپای پاسداران و هەروەها دامەزرێنەری ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد. ناوبراو لە کاتی پێکدادانی چەکداریدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کوژرا. ڕەحیم ئەحمەدی (١٩٤٩–٢٠٠٥)، لای ڕاستی وێنەکە، یەکەم فەرماندەی ڕێکخراوەکە لە سنە بووە.




**وێنەی ٩:**

زۆربەی ئەو پاسدارانەی دوای ڕاگەیاندنی جیهاد دژی کورد خۆبەخشانە دەهاتن سەر بە سوپای ئیسفەهان بوون. خەڵکی ئەو ناوچەیەش نەک هەر بە گیان بەڵکوو بەماڵیش لەپێناو سەرکوتی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا بوون. هەر وەک لە وێنەکەدا دەبینرێ شۆفیر تاکسییەکانی ئیسفەهان ئامبۆلانسێکیان بە دیاری ناردووە بۆ سوپا لە کوردستان.

## Bibliography


1. Abrahamian, Ervand. 1993. Khomeinism: Essays on the Islamic Republic. University of California Press.
2. Abrahamian, Ervand. 2008. A History of Modern Iran. Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/CBO9780511984402.
3. Ahmadi, Rahimi. 1980. 'Goftogu Ba Rahim Ahmadi Sarparast-e Sazman-e Pishmargan-e Mosalman-e Kurd'. Payam-e Enghelab, no. 9 (June): 32–33.
4. Ahmedi, Idris. 2018. 'The Stateless and Why Some Gain and Others Not: The Case of Iranian Kurdistan'. In Comparative Kurdish Politics in the Middle East, edited by Emel Elif Tugdar and Serhun Al. Springer International Publishing. https://doi.org/10.1007/978-3-319-53715-3_9.
5. Alemzadeh, Maryam. 2023. 'The Attraction of Direct Action: The Making of the Islamic Revolutionary Guards Corps in the Iranian Kurdish Conflict'. British Journal of Middle Eastern Studies 50 (3): 589–608. https://doi.org/10.1080/13530194.2021.1990013.
6. Algar, Hamid. 2012. 'FATWĀ". Encyclopaedia Iranica, January 24. https://iranicaonline.org.
7. Bozarslan, Hamit, Cengiz Gunes, and Veli Yadirgi, eds. 2021. The Cambridge History of the Kurds. Cambridge University Press.
8. Bruinessen, Martin van. 1986. 'The Kurds between Iran and Iraq'. Middle East Report, no. 141: 14–27. https://doi.org/10.2307/3011925.

30. Kermani, Hossein. 2005. 'Shia va Sunni Dast Dar Dast-e Yekdigar Baraye Hefz va Abadani-Ye Mihan [Shiʿa and Sunni, Hand in Hand with One Another, for the Protection and Prosperity of the Homeland]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 5–10.

31. Khamenei, Ali. 2009. 'The Leader of the Revolution and the Kurdish Muslim Peshmerga, 1980'. Khamenei.ir, Www.khamenei.ir, May 26. https://farsi.khamenei.ir/photo-album?id=7004.

32. Khamenei, Ali. 2015. 'Bayanat Dar Didar-e a'za-Ye Setad-e Kongere-Ye Geramidashte Shohada-Ye Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Remarks at a Meeting with Members of the Organizing Committee of the Congress Commemorating the Martyrs of the Muslim Kurdish Peshmerga]'. May 4. https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=29744.

33. Khomeini, Ruhollah. 2004. The Army from Imam Khomeini's Perspective. The institute for compilation and publication of Imam Khomeini's works.

34. Khomeini, Ruhollah. 2014. Sahifeh-Ye Imam. Vol. 22. The Institute for Compilation and Publication of Imam Khomeini's Works.

35. Khoshhali, Behzad. 2010. Sazman-e Pishmargan-e Mosalman va Kurdistan [The Organization of Muslim Peshmerga and Kurdistan]. https://bit.ly/4ajLE6D.

36. McDowall, David. 2001. A Modern History of the Kurds. I. B. Tauris.

37. MKPO. 1980a. 'Ettela'ieh Shomare-Ye 1 Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Announcement No. 1 of the Muslim Kurdish Peshmerga]'. Islamic Republican, February 1.

38. MKPO. 1980b. 'Ettela'ieh Shomare-Ye 4 Sazman-e Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Announcement No. 4 of the Muslim Kurdish Peshmerga Organization]'. Islamic Republican, February 7.

39. MKPO. 1980c. 'Qat'nameh-Ye Pishmargan-e Mosalman-e Kurd Dar Marasem-e Tashyi'-e Janazeh [Resolution of the Muslim Kurdish Peshmerga at the Funeral Ceremony]'. Islamic Republican, February 25.

40. Mofidi, Sabah. 2015. 'Religion and Politics in Eastern Kurdistan (With a Focus on Maktab Qur'an During Iranian Revolution, 1979)'. Journal of Politics and Law 8 (3): 36–50. https://doi.org/10.5539/jpl.v8n3p36.

41. Moftizadeh, Ahmad. 1980. 'Letter to Hussein-Ali Montazeri'. Amizan@, October 24. https://bit.ly/3ZXnNoF.

42. Moftizadeh, Ahmad. 2020. Darbare-Ye Kurdistsn [On Kurdistan]. Electrotnic Version.

43. Moftizadeh, Ahmad. ca. 1980s. Darbare-ye ertebat ba sazman-e pishmargan-e mosalman [About relations with the Organization of Muslim Peshmerga]. Vol. 169.

44. Negin Research Group. 2018. 'The IRGC's Theory of Counterinsurgency Operations in Kurdistan'. Iranian Negin Quarterly 16 (60): 97–108.

45. PDKI. 1972. 'Jash-girtin'. Kuristan, August.

46. Rastegarpanah, Hassan. 2019. Kurdistan in a Crisis of Security and Deprivation. Edited by Asghar Saleh Esfahani. IRGC Press.

47. Rastegarpanah, Hassan, and Sardar Isfahani. 2013. Jang Dar Kurdistan [War in Kurdistan]. Rahiyan-e Noor.

48. Sabbaghian, Hashem. 2003. 'Heyʾat-e Vizhe-Ye Hall-e Masaʾel-e Kurdistan [The Special Committee for Resolving the Kurdistan Issues]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 50–57.

49. Saeidi, Fateh, and Davoud Osmanzadeh. 2025a. 'Colonial Sovereignty and Religious Necropolitics: The Sacred Victimization of Infidel Kurds in the Middle East'. Ethnicities 25 (5): 655–78. https://doi.org/10.1177/14687968241287204.

9. Cabi, Marouf. 2020. 'The Roots and the Consequences of the 1979 Iranian Revolution: A Kurdish Perspective'. Middle Eastern Studies 56 (3): 1–20. https://doi.org/10.1080/00263206.2020.1722651.

10. Cahapari, Darioush. 1980. 'Mosahabeh Ba Pasdaran va Pishmargan-e Mosalman-e Kord Dar Sangarha-Ye Jang-e Kurdistan [Interview with the Revolutionary Guards and the Muslim Kurdish Peshmerga in the Trenches of the Kurdistan War]'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): 12–13.

11. Chaliand, Gerard. 1980. 'Postsctipt: Iranian Kurds under Ayatollah Khomeini'. In A People Without A Country: The Kurds and Kurdistan, edited by Gerard Chaliand. Zed Press.

12. Elling, Rasmus Christian. 2013. Minorities in Iran. Palgrave Macmillan US. https://doi.org/10.1057/9781137047809.

13. Ezzatyar, Ali. 2016. The Last Mufti of Iranian Kurdistan. Palgrave Macmillan US. https://doi.org/10.1057/978-1-137-56324-8.

14. Forozan, Hesam. 2016. The Military in the Post-Revolutionary Iran: The Evolution and Roles of the Revolutionary Guards. Routledge. http://etheses.dur.ac.uk/9514/.

15. Ghassemlou, Abdul Rahman. 2000. Chil Sāl Khabāt La Pēnawī Āzādī [The Forty Years Struggle for the Sake of Freedom]. PDKI Publication.

16. Gunter, Michael. 2020. Routledge Handbook on the Kurds. Routledge.

17. Gunter, Michael M. 2004. Historical Dictionary of the Kurds. Scarecrow Press.

18. Hassaniyan, Alan, and Gareth Stansfield. 2022. 'The Kurdish Protest Movement and the Islamic Republic of Iran: The Securitisation of Kurdish Nationalism'. LSE Middle East Centre (London, UK) MEC Paper Series (62): 62. https://www.lse.ac.uk/middle-east-centre/publications/paper-series.

19. Hassaniyan, Allan. 2021. Kurdish Politics in Iran: Crossborder Interactions and Mobilisation since 1947. Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/9781009029971.

20. Hassaniyan, Allan. 2024. 'The Islamic Republic of Iran's Multipronged Approach to the Repression of Kurds'. Contemporary Review of the Middle East 11 (3): 292–315. https://doi.org/10.1177/23477989241258897.

21. Hossein, Behzad. 1997. Dar Entehay-e Ofoq. Bonyad Shahid va Omur-e Ithargaran.

22. IRGC. 1980. 'Cover'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): Cover.

23. IRIB NEWS. 2016. 'Parade of Kurdish Muslim Peshmerga forces in Mahabad'. fa, September 21. https://tinyurl.com/3n53y5wv.

24. Islamic Republican (Tehran). 1980. 'Communiqué No. 2 of the Muslim Kurdish Peshmerga'. February 1.

25. Izadi, Mostafa, Javad Esteki, and Masoud Yaran. 2008a. Moqābeleh Bā Zedd-e Enqelāb va Ashrār [Confrontation with Counter-Revolutionaries and Miscreants]. Imam Hossein University Publication.

26. Izadi, Mostafa, Javad Esteki, and Masoud Yaran. 2008b. Natāyej va Dastāvardhā[Results and Achievements]. Imam Hossein University Publication.

27. Jafari, Abdullah. 2022. 'Pishmargān-e musalmān-e kurd bā kofr mī-jangīdand [The Muslim Kurdish Peshmerga were fighting against unbelief]'. IRNA, | خبرگزاری جمهوری اســلامی |صفحــه اصلی IRNA News Agency, May 12. https://bit.ly/45Rqcoj.

28. Kalvandi, Ali. 2015. Faryad-e Azadi [Cry of Freedom]. Fatehan.

29. Karimi, Farzam. 2020. The Ancient Land of Sacrifice and Martyrdom. Ketabcheh.

50. Saeidi, Fateh, and Davoud Osmanzadeh. 2025b. 'Religious Rhetoric and Genocidal Violence: The Massacre of Kurds in Rojhelat Under Khomeini's Fatwa'. In The Palgrave Handbook of Kurdish Genocides, edited by Kaziwa Salih. Springer Nature Switzerland. https://doi.org/10.1007/978-3-031-87612-7_17.

51. Safavi, Yahya Rahim. 1980. 'Mosahabeh Ba Mas'ul-e Amaliyyat-e Sepah Dar Sanandaj [Interview with the Head of Operations of the Revolutionary Guards in Sanandaj]'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): 10–11.

52. Sahabi, Ezzatollah. 2003. 'Rah-e Hal-e Kurdestan; Hosn-e Niyyat, Tose'e, Azadi va Edalat [The Solution to Kurdistan: Goodwill, Development, Freedom, and Justice]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 59–72.

53. Sahabi, Ezzatollah. 2013. Nim Qarn Khatere va Tajrobeh [Half a Century of Memory and Experience]. Vol. 2. Khavaran.

54. Shams, Said. 2022. 'Cultural Racism and Ethnic Cleansing: The Islamic Republic of Iran and Minority Rights'. Review of Middle East Studies 56 (1): 73–87.

55. Shamsaddini, Said. 2007. 'Nationalism, Political Islam and the Kurdish Question in Iran in the Late Twentieth Century'. PhD Thesis, Royal Holloway, University of London.

56. Sharifi Dryaz, Masoud. 2021. 'Minority, State and Nation Kurdish Society in Iran in the Aftermath of the Revolution'. In The Cambridge History of the Kurds, edited by Hamit Bozarslan, Cengiz Gunes, and Veli Yadirgi. Cambridge University Press.

57. Shokri, Aboul-Qacem. 2010. Naser-e Enqelab: Zendegi-Ye Hemasi-Ye Sardar Shahid Kazemi]. The Foundation for Preserving the Works and Propagating the Values of the Holy Defense.

58. Sinkaya, Bayram. 2016. The Revolutionary Guards in Iranian Politics: Elites and Shifting Relations. Routledge.

59. Sinkaya, Bayram. 2018. 'The Kurdish Question in Iran and Its Effects on Iran-Turkey Relations'. British Journal of Middle Eastern Studies 45 (5): 840–59. https://doi.org/10.1080/13530194.2017.1361315.

60. Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2020. 'The Securitisation of Life: Eastern Kurdistan under the Rule of a Perso-Shi'i State'. Third World Quarterly 41 (4): 663–82. World. https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1695199.

61. Spokesperson of the MKPO. 1980. 'The Demand of the Majority of the Kurdish People Is the Rule of Islam in the Region'. Payam-e Enghelab, September 27.

62. Tezcür, Güneş Murat, and Peyman Asadzade. 2019. 'Ethnic Nationalism versus Religious Loyalty: The Case of Kurds in Iran'. Nations and Nationalism 25 (2): 652–72. https://doi.org/10.1111/nana.12424.

63. Vali, Abbas. 2011. Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. I.B. Tauris.

64. Vali, Abbas. 2016. 'Reflections on Kurdish Society and Politics in Rojhelat : An Overview'. In Kurdish Issues : Essays in Honor of Robert W. Olson, edited by Michael M. Gunter. Mazda Publishers.

65. Wehrey, Frederic, Jerrold D. Green, Brian Nichiporuk, et al. 2009. The Rise of the Pasdaran: Assessing the Domestic Roles of Iran's Islamic Revolutionary Guards Corps. RAND National Security Research Division. https://www.rand.org/pubs/monographs/MG821.html.